تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5683) چوارشەممە 30ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لەسەر داوای یەکێتی کۆبوونەوەی دوێنێی پارتی و یەکێتی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا

بڕیار بوو دوێنێ سێشەممە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوەی هاوبەش لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت لە هەولێری پایتەخت ئەنجام بدەن، بەڵام دواتر ڕاگەیەندرا کەوا کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لە کاتژمێر یازدەو نیوی دوێنێ سێشەممە 2019/1/29 مەکتەبی سیاسی یەکێتی پەیوەندیان کردووە بە مەکتەبی سیاسی پارتییەوە و داوای دواخستنی کۆبوونەوەکەیان کردووە. بڕیە کۆبوونەوەی بڕیار لێدراوی هاوبەش، لەسەر داواکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دواخراوە.

مەسەدە: هەولێر ڕۆڵی گرنگی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت

K24/ هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) ڕایدەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان دۆستی نزیکەی ئەوانە و دەتوانێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و سەرپەرشتی ڕێککەوتنێکی نوێ بکات، هاوشێوەی ڕێککەوتنی هەولێر.

ڕیاز دەرار، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان دۆستی ئێمەیە و پەیوەندی باش لەنێوانماندا هەیە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە یەکتر نزیک بکاتەوە، وەک دەزانین دوای ڕێککەوتنی حزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر ڕەوشی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان باشتر بوو، بڕیە ئێستاش پێویستە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە بەسەرپەرشتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی فورات بکەن، دڵنیام ئەنجامی باشی دەبێت.

100 ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت

8



ڕۆژ نووری شاوەیس: کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان

3

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی هۆشداریی لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەدات

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی هۆشداریی لە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ناوی دیکە، دەدات. بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، کە سیستەم و عەقڵییەتی حوکمڕانیی عێراق هاندەرە بۆ دروستبوونی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە. بابەکر زێباری هەروەها ڕایگەیاندووە، هەرچەندە داعش بەشێوەی دەسەڵات نەماوە و خاکی لەبەردەست نییە، بەڵام بەشێوەی گرووپ گرووپ دەردەکەون و کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

سوپاسالاری پێشووی عێراق هۆشداری داوە لەوەی ئەگەر عەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراق نەگۆڕێ و کۆتایی بە جیاوازیکردن لەنێوان پێکهاتەکانی سوننە، شیعە و کورد نەهێندرێ، ئەوا داعش و گرووپی تیرۆریستی دیکە بە هەمان ناو و ناوی جیاوازیش سەرهەڵدەدەنەوە. چەند مانگێکە تیرۆریستانی داعش لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، ئەنبار، سەڵاحەدین و دیالە دەستیان بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە، لەکاتێکدا لە مانگی 12ی 2017 حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق کۆتایی پێ هێنانی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە دزیان کردە ناو خاکی عێراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەردسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

پڕۆژەیەک بۆ لکاندنی هەرێمی سوننەی عێراق بە ئوردن پێشکەش دەکرێت

5

وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێک بۆ باشتر ڕاییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان بەکاردەخات

8





لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی ئەمەریکی دادەمەزرێ

2

حەشدی شەعبی تلکێف تەعریب دەکات




K24/ حەشدی شەعبی نزیکەی 400 خێزانی عەرەبی هێناوەتە ناو شارۆچکەی تلکێف لە خانووی کریستیانەکانی نیشتەجێکردوون. قائیمقامی تلکێف ڕایگەیاند، هێنانی خەڵکی دیکە، ئاستەنگە لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵکی تلکێف و هەروەها جگە لەمە بە هۆی بوونی گرتووخانەیەک تایبەت بە چەکدارانی داعش، کە 1500 چەکداری تێدایە، مەترسی لەسەر شارۆچکەی تلکێف و دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دروستکردووە. لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕوویان لە ناوچەکە کردووە و سەردەڕای کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی داعش لەو ناوچانە، تا ئێستا ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە ناسەقامگیرە و هاوڵاتیانی ئاوارەبووی ناوچەکە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

ئەمڕۆ یەکێتی ئەورووپا تاوتوێی پلانی "باری بەپەلە" بۆ ڕێککەوتنامەی بڕێکسیت دەکات

یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەدا لەبارەی بڕێکزیت تاوتوێی "پلانی بەپەلە" دەکەن. گوتەبێژی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا، مارگاریتس شیناس لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە 27 وڵاتی ئەندام لەسەر ڕێککەوتنامەی بڕێکزیت ڕێککەوتوون و ئیتر ناکرێت دانوستان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە بکرێت. شیناس ڕاشیگەیاند کە یەکێتی ئەورووپا لە دوای دەنگدان لەسەر پلانی بی لە پەرلەمانی بەریتانیا، چاوەڕێی پێدانی زانیاری لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو دەکات. گوتەبێژی کۆمسیۆنی یەکێتی ئەورووپا، مارگاریتس شیناس ئەوەیشی ڕاگەیاند کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەدا لەبارەی بڕێکزیت تاوتوێی "پلانی بەپەلە" دەکەن. هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی بەریتانیا ڕێککەوتنی بڕێکزینی ڕەتکردەوە کە لە مانگی تشرینی دووەم لە نێوان سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێرێزا مەی و یەکێتی ئەورووپا واژۆو کرابوو.

لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی ئەمەریکی دادەمەزرێ

2



بەفەرمی و بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق شەترەنج وەک وانەیەک لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکان دەخوێندرێت

14



بڕوسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات:

مامۆستا سەعید یەحیا ڕۆشنبیر و میدیاکارێکی دڵسۆزی نیشتیمانەکەی بوو

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆشنبیر سەعید یەحیا خەتات، بڕوسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆشنبیر سەعید یەحیا خەتاتمان پێ گەییشت، مامۆستا سەعید یەحیا ڕۆشنبیر و میدیاکارێکی دڵسۆزی نیشتیمانەکەی بوو کە ڕۆڵی بەرچاوی لە خەباتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و قۆناغەکانی تر لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە و ماندوونەناسانە ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەم و هاوپەشی خەمتانم. لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

2019 /1/29

مەکتەبی سیاسی پارتی سەرەخۆشیی لە خانەوادەی سەعید یەحیا خەتات دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد "سەعید یەحیا خەتات" مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید یەحیا خەتات

دڵگران بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتیمان، هەڤاڵی تێکۆشەر (سەعید یەحیا خەتات).

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵەکەتان و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوپەشی خەمتانین.


هەڤاڵ (سەعید یەحیا خەتات) تێکۆشەر و کەسایەتیەکی ناسراوی بواری ڕۆژنامەنووسیی بوو، لەڕێی وتار و نووسینەکانیەوە خزمەتێکی زۆری کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە و لە کاروانەی کارکردنیدا چەندین بەرپرسیاریەتی دڵسۆزانەی بەجێگەیاندووە.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوورین و جێگای هەڤاڵی کۆچکردوویش بەهەشتی بەرین بێت...

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/1/29



پەیامی مەسرور بارزانی بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا

لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی سەعید یەحیا خەتات، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد، مەسرور بارزانی، ڕاویژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان سەرخۆشی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا سەعید یەحیا خەتاتمان پێگەیشت، هاوپەشی خەمتانین، بەم بۆنە دڵتەزێنەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و کەسوکار و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەوایش بە هەموو لایەک ببەخشێ. کۆچی دوایی بەڕێزیان زیانێکە بۆ بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردی، بێگومان بەرهەمە دەوڵەمەندەکانی هەمیشە یادی خوالێخۆشبوو بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

انا لله وانا الیه راجعون

براتان مەسرور بارزانی

2019/1/29

بەهۆی سووکایەتیکردنی چەند لایەنێک بە هاووڵاتیيان داوایەکی بەپەلە لە عەبدولمەهدی دەکرێ

پەرلەمانتارێکی عێراق داوا لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات، هێزەکانی سوپا بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای موسڵ بنێرێت و هۆکارەکەش بۆ سووکایەتیکردن بە هاووڵاتیيان دەگەڕێنێتەوە.

ئەحمەد جەڕبا، پەرلەمانتاری نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا، داواکارییەکەی بۆ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق نارد‌ووە. ئەحمەد جەڕبا داوای لە عادل عەبدولمەهدی کردووە فەرمانی بلاوکردنەوەی سوپای عێراق لە هەموو شار و شارۆچکەکانی نەینەوا بە تایبەت ڕۆژئاوای موسڵ، دەربکات. ئەو پەرلەمانتارە دوو هۆکاری بۆ ئەو داوایە باس کردووە، کە بریتین لە؛

- پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە.
- ڕێگریکردن لە ئەو لایەنە سەربازییانەی سووکایەتی بە هاووڵاتیيان دەکەن.

دوای ڕزگارکردنەوەی موسڵ و هەموو شارۆچکەکانی نەینەوا لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، چەندین میلیشیای حەشدی شەعبی لەو ناوچانە جێگری بوون و بە گوتەی لایەنە سیاسییە سوننەکان، چەکدارانی ئەو میلیشیا شیعییانە چەندین تاوانیان دەرهەق بە خەڵکی سوننەمەزهەبی نەینەوا ئەنجام داوە. لە مانگی 6ی2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە دزیان کردە ناو خاکی عێراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

غەفور مەخموری: مەلیک عەبدوڵڵا باش لەوە گەیشتووە کە بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆک بارزانییە



سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئوردن و پێشوازیلێکردنەکەی، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبوو، سکرتێری یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیش باوەڕی وایە، وەک سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرا. لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شای ئوردن، 27ی ئەم مانگە لەلایەن شاعەبدوڵڵای پادشای ئوردن لە کۆشکی حوسەینییە لە عەممان پایتەختی ئوردن پێشوازی لە سەرۆک مەسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرا و، لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواگۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تاوتوو کران.

سەبارەت بە سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئوردن، غەفوور مەخموری، سکرتێری یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: داوەتکردنی سەرۆک بارزانی و ئەو پێشوازیلێکردنەی لە عەممان، ڕۆڵ و قوڕسایی سەرۆک بارزانی لە ناو هاوکێشە سیاسییەکان دەردەخات، جەنابی مەلیک عەبدوڵڵاش باش لەوە گەیشتووە کە بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆک بارزانییە. هەروەک پێشی وایە: وەک هەر سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرا"، سڵاوی سەربازیی لێ کرا، فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، ئێوارەخوانێکی بۆ ئامادە کرا، کە ئەو ئێوارەخوانە گوزارشت لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوولا دەکات. غەفوور مەخموری بە مانڕەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆڵی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکەدا زۆر گرینگە، ئەم سەردانەیش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، ئاژانسی هەواڵی عەمان کە ئاژانسێکی فەرمیی ئەو وڵاتەیە، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر سەردانی سەرۆک بارزانی نووسیبوو، "هەروەک لە ناوهێنانیدا بە ڕەئیس بارزانی ناویان دەهێنا.

سەبارەت بەو کۆڕەی کە لە عەممان پایتەختی ئوردن سازی کرد، سکرتێری یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان گوتی: لەسەر داوەتی ڕۆژنامەی دەستووری مونتەدای ڕۆشنبیری بوو کۆڕێک ڕێکبخەین، کە یەکێکە لە ڕۆژنامە هەرە بەناوبانگەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیدا، بابەتێکیشمان پێشکەش کرد سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و وڵاتی جەنابی سەرۆک بارزانی وەک ڕابەری گەلی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی جەنابیان لە ڕابردوو و ئێستادا چۆن بووە، لە داهاتووشدا زیاتر دەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ڕۆژنامەنووس، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دیپلۆماتکاران ئامادە بوون، دەتوانم بڵێم دیدارێک بوو تارادەیەکی باش ڕەنگدانەوەی هەبوو. "ڕۆڵی سەرۆک بارزانیمان لە کتێبێک بە ناوی "مسعود البارزانی رمز الپێشمەرگە والمقاومه القومیه" بە دیاری پێشکەشی ئامادەبووان کرد و ڕەوشی کوردستان و ڕۆڵی جەنابیانمان بۆ شی کردنەوە". غەفوور مەخموری وای گوت. ئەوەی مایەی خۆشحاڵیی مەخموورییە، ئەوەیە کە دوای ڕۆژێک لە کۆڕەکە، جەنابی سەرۆک گەیشتە عەممان و هەواڵی گەیشتنیان و کۆڕەکەیان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بڵاو کردیووەوە.

ئا/ هەڵکەوت محەمەد

لیدوانێکی ڕۆژنامەوانی لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورستانەوە

لە ژمارە 540ی ڕۆژی 28ی 1ی 2019هەفتەنامەی ڕووداو، بابەتێیکە لە لاپەرە (4)و (5)دا بڵاوکراوەتەوە و بەداخەوە ناوی بەڕێز (حاکم قادر) کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی شاندی دانوستانکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێنراوە، لێرەوە ڕایدەگەینین کە ئەو بابەتە و هەفتەنامەکە دوور و نزیک پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نیە.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٩ی١ی٢٠١٩

لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی ئەمەریکی دادەمەزرێنین

هێمن حەسۆ میرخان: دەزگاکە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەبێت





بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابمەزرێت، کە ئەمە بۆ یەکەم جارە دامەزراوەیەکی سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی کوردستان/ هەولێر ئاشکرای کرد، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنیستیتۆی کوردی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابمەزرێت و ڕۆڵی دەبێت لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی کوردستان/ هەولێر بە مانڵپەڕی فەرمیی پارتیی وەها گرنگی کوردی لە وڵاتی ئەمەریکا بکرێتەوە و ڕۆڵی دەبێت لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکرێتەوە و پڕۆژەیەکی هاوبەشە، جگە لەوەی لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە سوودێکی زۆری دەبێت لەو ڕاگەیاند: ئەنیستیتۆی کوردی بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی کوردستان/ هەولێر و زانکۆی میزووری لە ئەمەریکا دەکرێتەوە و پڕۆژەیەکی هاوبەشە، جگە لەوەی لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە سوودێکی زۆری دەبێت لەو ڕێگەیەوە پاڵپشتی بۆ هەرێمی کوردستان بەدەست دێنین.

میرخان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: فێرکردنی زمانی کوردی دەبێت بۆ دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا و ئەوانەیشی لە جیهانی ئەمنی و سەربازیی ئەمەریکادا کار دەکەن، چونکە بۆ هەموو زمانەکانی دیکە دەزگا و دامەزراوە هەیە، تەنیا زمانی کورد نەبێت، لەبەر ئەوە کردنەوەی ئەنیستیتۆی کوردی هەنگاوێکی گرینگ دەبێت، بەتایبەتی ئەو ئەمەریکیانەی دیانەوێ لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار بکەن، چ وەک دیپلۆماتکار، چ وەک لایەنی سەربازی، فێری زمانی کوردی دەکرێن.

قائید میرز

ڕۆژ نووری شاوەیس:

کاک ئیدریس کێوێکە لە مێژووی میللەتەکەمان





دوێنێ سێشەممە لە پیرمام 31ـەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی شەهیدی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تێیدا د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە بەشێک لە دەسکەوتەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدرس بارزانی و هاوڕێکانی.

د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە گوتارەکەیدا گوتی: بەردەوام بیرەوەری و ساڵیادی نەمر ئیدریس بارزانی تێکەڵ بە دەسکەوتەکانی کوردستان بووە، چونکە ژیان و خەباتی ئەو بە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمانەوە گرێ دراوە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی باسی لەوەش کرد کە دووژمنانی دەرەکی و نەیارانی ناوخۆ هەوڵیان دا پرۆسەی ڕیفراندۆم سەربەخۆیی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ خەباتی بارزانیی نەمر و ئیدرس بارزانی و هاوڕێکانی.

شاوەیس باسی نزیکی و پەیوەندیی خۆی و نێوان شەهید ئیدریس کرد و گوتی: بیرەوەرییەکان زۆرن، ئێمە لە منداڵی و قوتابخانەدا پێکەوە بووین، هاوڕێی سەردەمی گەنجایەتی بووین، سەختەدا هەبوو، کە لە ساڵانی دوای 75ەوە دەستی پێکردەوە، تا گەلەکەمان بگاتە ئامانج.

د. ڕۆژ لە درێژەدا ڕایگەیاند: کاتێک دەمانەوێ باسی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو لە ساڵانی هەشتاشەوە بەتایبەتی دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، هاوخەباتی یەکتری بووین و لە دۆخێکی زۆر زەحمەتدا کارمان کردووە و ئێوەیش کە لێرە ئامادەن، هەموومان ڕۆڵتان لەو خەباتە ڕیفراندۆم ئاوات و خواستی گەلەکەمان بوو بۆ ئازادی، بۆیە دەنگیان دا و پرۆسەکەیان سەرخست، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو ڕیفراندۆمە جگە لەوەی لەسەر داوای جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، هاوکات بەشێک لەو دەسکەوتانە بۆ خەباتی برای هەمیشە زیندوومان کاک ئیدریس و هەڤاڵەکانی تری و لە سەرووپانەوە، بۆ خەباتی بارزانیی نەمر دەگەڕێنەوە.

دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس گوتیشی: خەباتی نەتەوەیەک وەک زنجیرەیەک وایە، ناتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، خەباتی میللەتێک لە دەسپێکەوە تا ئەگاتە ئامانجی خۆی، یەک کتێبە کە هەموو لاپەڕەکانی پێکەوە بەدن و هەر خشتێکی لەسەر خشتێکی تر بینا کراوە.



بەکەین، باسکردنی لایەنەکانی ژیانی دەبێتە زەرورەت، کاکە ئیدریس کەسایەتییەک نەبوو کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕین، وەک ئەوەی بڵێین فلان ساڵ لەدایک بووە و لە مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" نەمر لە ساڵی 1944 لە گوندی "بارزان"ی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" نەمرە و لە نێو هەلومەرجی شۆڕشی سێیەمی بارزان 1943-1945 و بارودۆخی ناڵۆزی ئەو کات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکتوون. ساڵی 1947 "بارزانی نەمر" لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەوکات خۆیان بگەیەنن یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک "ئیدریس بارزانی " ئەو کات تەمەنی 4 ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری ئاستەنگ و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەر بۆ خوارووی عێراق دوور دەخرێنەوە و لە لایەن ڕژێمی ئەو کاتی عێراق بۆ ماوەی 11 ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرە و مووسڵ و بەغدا. لەگەڵ ئازار و زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەر بەرزانەکەی "بارزانی نەمر" بۆ عێراق و کوردستان پاش شۆڕشی14 ی تەمموزی ساڵی 1958 کە ئەو کات کاک "ئیدریس بارزانی" لە شاری بەغدا خەریکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری" بارزانی "باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.

سەرەنجام پاش تەمەنێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان، کاتژمێر 6:30ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 1987/1/31 لە ناحیەی "سلێمانیا"ی سەر بە شاری"ورمێ"ی ڕۆژهەلاتی کوردستان مالئاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری "شنۆ" لە تەنیشت گلکۆی پیرۆزی بارزانیی باوک و ڕابەر دەنێژرێ و ساڵی 1993 تەرمەکەی لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر گەڕێندرایەوە باشووری کوردستان و لە مەزاری نەمران لە بارزان نێژرا.

خەبات: سەفەر ژاژۆکی

محەمەد حەلبوسی: عێراق نایەوێت ببێت بە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکان

عێراق و ئوردن ڕێککەوتنێک لە بواری بازرگانی ئازاد لە نێوان هەردوو وڵات واژوو دەکەن



سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاند کە عێراق نایەوێت ببێتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکان و داواشی لە بەریتانیا کرد لە میانی دووبارە بنیاتنانەوەدا پشتیوانی لە عێراق بکات. محەمەد حەلبوسی لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ لەندەن لەگەڵ بەرپرسی دۆسیەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بەریتانیا و ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری ئاسایش و بەرنگاربوونەوەی تیرۆر، کریستیان تێرنەر کۆبووەوە.

نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، محەمەد حەلبوسی باسی لە پەرۆشی عێراق بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەموواندا.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی لە کۆبوونەوەکەدا تیشکی خستووەتە سەر شەڕەکانی عێراق دژبە تیرۆر و گوتوویەتی: عێراق لە شەڕەکانی دژبە تیرۆر، سەرکەوتنی تۆمارکردووە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە بە یەکگرتوویی و یەکریزی عێراقییەکان و پشتوانی وڵاتانی دۆست بەدیهاتووە، هەروەها گرنگی پشتیوانییەکان بۆ لەناوبردنی بیری تۆندڕەویی، بەردەوام بێت.

محەمەد حەلبوسی داواشی لە بەریتانیا کردووە کە لە میانی پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوە و بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی بەریتانیا لەو بوارە، هەروەها بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆسەر زێدی خۆیان پشتیوانی عێراق بکات و گوتیشی: جگە لەوەش داوا لە بەریتانیا دەکەین لە ڕووی هەواڵگری و مەشق و ڕاهێنانەوە پشتیوانی لە هێزەکانی عێراق بکات.




هیچ وردکارییەکی لەبارەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە و وادەی چوونەبواری جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی فەرمی نەخستەڕوو. مەعشەر ڕاشیگەیاند کە سەرۆکوەزیرانی هەردوو وڵات لە 2ی شوباتی داهاتوو کۆدەبنەوە بۆ قسەکردن لەسەر دواینین ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان لەنێوان هەردوو وڵات لە بواری جیاجیاکان.

جێگری سەرۆکوەزیرانی ئوردن، ڕەجائی مەعشەر ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق گەیشتووەتە ڕێککەوتن لە بواری بازرگانی ئازاد لە نێوان هەردوو وڵات. مەعشەر می لە بەغدا لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق، فوئاد حوسێن کە هاوکات جێگری سەرۆکوەزیرانە بۆ کاروباری ئابووری کۆبوونەوەکەش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخرا.

مەعشەر ڕایگەیاند: ڕێککەوتنێکمان لەبواری بازرگانی ئازاد لە نێوان هەردوو وڵات واژوو کرد، باسمان لە پرسەکانی پەیوەست بە ڕکابەری بەرهەمی ناوخۆیی نێوان هەردوو وڵات بەمەبەستی جۆڵەی بازرگانی بەشێوەیەکی باشتر کرد. جێگری سەرۆکوەزیرانی ئوردن نەوت بە گوزمەی نزیکەی 18ملیار دۆلار کە ڕۆژانە توانای گواستنەوەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، واژوو کرد.

لای خۆیەوە جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری ئابووری و وەزیری دارایی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاند کە بەر لە کۆبوونەوەکە کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەنێوان وەزیرانی عێراق و ئوردن هەبووە و گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ کاری هاوبەش لەبواری جیاجیا. جێی باسە ڕۆژی یەکشەممە، ڕەجائی مەعشەر بە سەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتەکەی کە وەزیرانی پیشەسازی، پەرەپێدان، بازرگانی، تەندروستی، دارایی، شارەوانییەکان، گواستنەوە، وزە و پارێزگاری بانکی ناوەندی ئوردن لە خۆدەگرێت بە سەردانێکی فەرمی گەیشتنە ئوردن. سەردانی ئەم شاندەی ئوردن دوای دوو هەفتە لە سەردانی شای ئوردن، عەبدوڵڵای دووەم دێت بۆ عێراق کە دوای 10ساڵ یەکەم سەردانی ناوبراو بوو بۆ بەغدا ئەنجامی دا.



سەلاح بەیتولا ئاکرەیی

سەردانی هێژا بارزانی و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی سەردانەکەی

ئەنجامە ئەرێنیەکانی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی پێش ماوەیەک بۆ بەغدا واخەریکە بەرە بەرە بەدیاردەکەون. هەر دوای ئەم سەردانەی هێژا بارزانی حکوومەتی عێراق چەند هەنگاوێکی باشی هاوێشت و کۆمەڵێک کێشەی سەرەکی کە لە حکوومەتی پێش عادل عەبدولمەهدی مابونەوە لەنێوان بەغداو و هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق دەنگیان لە سەردا و لە داهاتوویێکی نزیکدا لە لایەن حکوومەتی ئێستای عێراقەوە دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەوانە بودجە و موچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران و هتد، ئەمەش کۆتایی بەو دۆخە نالەبارە دەهێنێت کە چەندین ساڵە تووشی فەرمانبەران و پێشمەرگەکان پێبەوە دەنالێنن.

شایانی باسە حکوومەتی مالیکی و عەبادی زۆر هەوڵیان دا بە هۆی گەمارۆی سیاسی وئابووری و دارایی و سەربازییەوە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەناوببەن و بە تایبەت دەسەڵاتەکانی سەرۆک بارزانی، بەڵام نەک هەر نەیانتوانی سەرکەوتن بەدیبهێنن بەڵکو هەر سەرۆک بارزانی مایەوە و مالیکی و عەبادیش دوچاری شکستێکی گەورەی سیاسی و تاد بوونەوە و لە نێو زۆرینەی هەرەزۆری پێکهاتەکانی عێراقدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان لە دەست دا.

کەواتە ئەزموون سەلماندوویەتی و لایەڕەکانی مێژووی سیاسی کوردیش ئەوەمان پێدەڵێن کە هەر ڕژێمێک و کەسایەتیەکی سیاسی دوژمنایەتی بارزانی کردبێت نەک هەر سەرنەکەوتووە بەڵکو تووشی شکستی گەورە هاتوون و ڕیسواو شەرمەزاریش بوونە بەرامبەر میللەت و مێژوودا. بەڕێز عادل عبدالمهدی تاکو ئێستا هەڵوێستی بەرامبەر هەرێمی کوردستان خراپ نییە، گەر بەردەوام بێت لەسەر ئەم هەڵوێستە ئەرێنیانە بێگومان لە ئەرکی تازەی خۆیدا وەک سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق سەردەکەوێت، چونکە کورد لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا ژمارەیێکی زور گرنگە و بە هەندوەرگرتنی ماف و داخوازیەکانی کورد لە لایەن حکوومەتی مەهدیەوە پشتیوانی کوردو بارزانی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات و ڕەوشی سیاسی عێراق بەرەو باشتر بوون هەنگاو دەنێت و لە دواجاریشدا هەموو لایەک سوودمەند دەبن.

لە کۆتاییدا هیوادارم بەڕێز مەهدیش هەڵنەگەڕێتەوە لە هەرێمی کوردستان و نەگەڕێتەوە سەر ئەقڵە بۆگەنەکانی پێش خۆی و پەندو عیبرەت لە هەڵەی دەسەڵاتدارانی پێش خۆی وەرگرێت لۆژیک و مەنتق و ئەزموون بکاتە پێوەری هەڵسوکەوتەکانی خۆی لە داهاتوودا.

د. ماهیر ساموئیل بۆ «خەبات»: گەلی کورد خاوەنی خاک و تایبەتمەندی خۆیەتی و پێویستە ڕێزی لێبگرین

لەخۆڕا نییە زیاتر لە 85٪ی مەسیحییەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین

دڵنیام هەوڵێری پایتەخت دەبێتە جێگەی سەرنجی هەموو جیهان



مەریوان نەقشبەندی/ تایبەت بە خەبات

کەسایەتییەکی ناوداری مەسیحی ستایشی ڕەوشی پێکەوەژیانی ئایینی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ گەلێک خاوەنی خاک و تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینی خۆی بێت پێویستە ڕێزی لێبگیرێت نەک دژایەتی خواستەکانی بکرێت. دکتۆر ماهیر ساموئیل ئەندامی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ زانستە دەرونیەکان و بانگخوازی گەورەی مەسیحی کە خەڵکی میسرە لەمیانەی سەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستان و دیداری لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت و گفتوگۆکردنی لەگەڵ باوەڕدارانی مەسیحی لەهەرێمی کوردستان باسی لەخاوەندارێتی خاک و پەیوەندی عەقیدە و خاک، لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەخۆڕا نییە زیاتر لە 85٪ی مەسیحییەکانی عێراق لەهەرێمی کوردستان دەژین، حەتمەن ئەوە لەئەنجامی ئەرک و ماندووبوونی پێشمەرگە و خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پێویستە ڕێز لەم گەلە خاوەن تایبەتمەندیە ئاینی و نەتەوەیی و کولتووریە بگیرێت و نابێ هیچ کەس دژی خواستە ڕەواکانی بوەستێتەوە.

لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دکتۆر ماهیر ساموئیل کە وتاربێژێکی گەورەی مەسیحییە ئینجیلیەکانی جیهان و کۆماری میسرە دەڵێت: هەوڵیرم بینی پڕ لەخۆشەویستی بوو بۆ مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان، بۆیە دڵنیام ئەم پایتەختە دەبێتە جێگەی سەرنجی هەموو جیهان.



ئامارەکانی وەرزی یەکەمی ئەنجووەمەنی نوێنەرانی عێراق

تاوەکو ئێستا 29 دانیشتنی ئەنجامداوە، 10 پڕۆژەیاسا و بڕیار پێشکەشکراون

ئەنجووەمەنی نوێنەرانی عێراق هەفتەی ڕابردوو پڕۆژەیاسای بوودجەی عێراقی لە دوای مشتومڕێکی زۆر پەسەندکرد.

ئەنجووەمەنی نوێنەرانی عێراق وەرزی یاسادانانی یەکەمی خۆی لە ساڵی یاسادانانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی تەواوکرد و کۆتایی بەکارەکانی هێنا، بەپێی ئامارەکانی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەو ئەنجووەمەنە لەو ماوەیەدا:

- لە 15ی ئەیلوول هەریەک لە محەمەد حەلبوسی بە سەرۆکی ئەنجووەمەنی نوێنەران و حەسەن کەعبی وەکو جێگری یەکەم و بەشیر حەداد بە جێگری دووەم هەڵبژێردران.
- لە دووی تشرینی دووەم بەرهەم سالح بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق هەڵبژێردرا.
- لە 24ی تشرینی یەکەم ئەنجووەمەنی نوێنەران توانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی یەکلایی بکاتەوە و لەو دانیشتنەدا متمانە بە عەبدولمەهدی و 14 وەزیری کابینەکەی درا.
- ئەنجووەمەنی نوێنەران لەو ماوەیەدا و لە چوارچێوەی ئەرکی چاودێریدا، 19 پرسیاری بە نووسین و سێ پرسیاری بە زارەکی هەبووە.
- شەش لێژنەی لێکۆڵینەوە و کاتی پێکهێناوە.
- دەنگی لەسەر لێژنە هەمیشەییەکانی داوە.
- حەوت داوکاریی گشتی بۆ میواندارێکردن و گفتوگۆکردن هەبووە.
- لە بواری یاسادانانیشیدا ئەنجووەمەنی نوێنەرانی عێراق 29دانیشتنی ئەنجامداوە،10 پڕۆژە یاسا و بڕیار پێشکەشکراون، دەنگیشی لەسەر بڕیارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگای بەسرە داوە.
- سەبارەت بە ڕۆڵی نوێنەرایەتیکردنیش سەرۆکی ئەنجووەمەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی 153 دیدار و چاوپێکەوتنی فەرمی و25 دیدارییشیان لەگەڵ کەسایەتیە مەدەنی و سیاسییەکان هەبوو

پشکنەری وەزارەتی بازرگانیی عێراق ڕاپۆرتەی ساڵانەی ئاشکرا دەکات

ڕێگریمان لە بەهەدەردانی یەک ملیار و 185 ملیۆن دینار کردووە

نووسینگەی پشکنەری گشتی لە وەزارەتی بازرگانی عێراق ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ 2018 ئاشکراکرد و تیایدا ڕوونیکردەوەتەوە کە ڕێگرییان کردووە لە بەهەدەردانی بڕە پارەیەکی زۆر و ملیاردها دیناریشیان گەڕاندووەتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ڕێگریان لە بەهەدەردانی بڕی یەک ملیار و 185 ملیۆن و 476 هەزار دینار کردووە، هەرچی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکانەوە ئەوا نووسینگەکە نزیکەی 131 دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لەبەردەستدا بووە کە تایبەت بوون بە پرسی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی. هەرچی پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی ئەدا، ئەوا نووسینگەکە38 ڕاپۆرتی لەسەر ئەدای چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پێکهاتە و دامەزراوەکانی هەبووە. هەروەها وردبینی لە گرێبەستەکانیش کردووە کە 266 دانەبوون، ئەوە جگە لەوەی دوو هەزار و 89 سەردانی پشکنینی ئەنجامداوە کە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان.

تەرەمپ پێنجی شوبات گوتاری "دۆخی یەکگرتوویی" پێشکەش دەکات



دوای کۆتاییهێنان بە کێشەی حکوومەتی فیدراڵی ئەمەریکا کە 35 ڕۆژی خایاند سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ لە پێنجی شوبات لە کۆنگرێس گوتاری ساڵانەی "دۆخی یەکگرتوویی" پێشکەش دەکات. دۆناڵد تەرەمپ وەڵامی نامەکەی سەرۆکی ئەنجووەمەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، نانسی پێلۆسی دایەوە. وەڵامەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ کە لە لایەن کۆشکی سپی بڵاوکرایەوە کە ئاماژەی بەوە داوە تەرەمپ بە ئەرێنی پێشوازیکردووە لە نامەکەی نانسی پێلۆسی کە بانگهێشتی کردووە بۆ پێشکەشکردنی گوتاری "دۆخی یەکگرتوویی لە پێنجی شوبات. لە نامەکەی دۆناڵد تەرەمپ لە وەڵامی نامەکەی نانسی پێلۆسیدا هاتووە "سوپاسی نامەکەتان دەکەم بۆ گوتاری دۆخی یەکگرتوویی لە کۆنگرێس لە ڕۆژی سێشەمە پێنجی شوبات 2019. قبوڵکردنی ئەو بانگهێشتە بۆ من شکۆیە. چیرۆکێکی مەزنمان هەیە بۆ باسکردن و ئامانجی بااڵمان هەیە بۆ ئەوەی پێیان بگەین". سەرۆکی ئەمەریکا بۆ بونیاتنانی دیوار لە سنووری مەکسیک داوای پێنج ملیار و700 ملیۆن دۆلاری کردبوو لە بوودجەدا، بەڵام دیموکراتەکان لە کۆنگرێس دژی ئەوە وەستانەوە و بەم هۆیەشەوە داخرانی حکوومەتی فیدراڵی لە 22ی کانوونی یەکەمی 2018 دەستپێکرد و ماوەی 35 ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەشدا گرژییەکانی نێوان دۆناڵد تەرەمپ و نانسی پێلۆسی کاریگەری کردە سەر بواردکانی دیکە و نانسی پێلۆسی لە 29ی کانوونی دووەم بڕیاری دا بە دواخستنی گوتاری دۆخی یەکگرتوویی لە لایەن دۆناڵد تەرەمپ لە کۆنگرێس تا کردنەوەی حکوومەتی فیدراڵی.

جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە:

پێویستە تورکیا پشتگیریی دیالۆگی نێوان کورد لە سووریا و حکوومەتی دیمەشق بکات

گێڕانەوەی متمانە بۆ گشت کوردانی ناوچەکەمان، لەهەموان زیاتر ئەرکی تورکیایە



جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە و پەرلەمانتاری ئیستانبوڵی ئەو پارتە، ئەحمەد ئونالْ چەڤیکۆز ڕایگەیاند، دەبێت تورکیا لە کورتترین ماوەدا پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی سووریا دروست بکات، دەبێت بەڕوونی ئەو پشتیوانیی و ڕێزەی هەیەتی بۆ یەکپارچەیی خاک و سەروەری سووریا دیاریی بکات. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە پەرلەمانی تورکیا سازیکرد، چەڤیکۆز باسی لەوە کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا مشتومڕەکانی ڕێککەوتنی ئادانا لەبارەی سووریا و ناوچەی ئارام لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە بووەتە ڕۆژەقی تورکیا. چەڤیکۆز نەخشەڕێگایەکی حەوت خاڵی بۆ چارەسەری کێشەی سووریا خستەڕوو کە جەهەپە ئامادەی کردووە. هاوکات چەڤیکۆز داوای لە تورکیا کرد لە کورتترین ماوەدا پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی سووریا دروست بکات و بەڕوونی ئەو پشتیوانیی و ڕێزە لە یەکپارچەیی خاک و سەروەری سووریا دەیکات دیاری بکات و گوتی: لەکاتێکدا هەموان لەگەڵ حکوومەتی دیمەشقدا گفتوگۆ دەکەن بە ئەمەریکاشەوە لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمانەوە هیچ هۆکارێکی گونجا و ڕەوا نییە تورکیا کە گرنگترین دراوسێی سووریایە ئەوە ناکات. لە ئایندەدا کە هەلومەرجەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهات، بەردەوامبوونمان وەک دۆستێک نەک دوژمن لەگەڵ سووریای دراوسێمان، گرنگیی زۆری هەیە بۆ ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکەمان. چەڤیکۆز ڕاشیگەیاند، پێویستە تورکیا پشتگیریی دیالۆگی نێوان کورد لە سووریا و حکوومەتی دیمەشق بکات و گوتی: پێویستە تورکیا پشتگیریی دیالۆگی نێوان کورد لە سووریا و حکوومەتی دیمەشق بکات و هاوکاریێت لە دانانی دەستووری نوێی سووریا. دوای دەستەبەربوونی ئاشتیی ناوخۆ لە سووریا، پێکەوەژیانی کوردەکان وەک پێکهاتەیەکی سووریا لەگەڵ حکوومەتی دیمەشق، مەرجە بۆ ئارامی و یەکپارچەیی خاکی سووریا. ئارامیی گەلی سووریا بەگشتی، گرنگیی ئەرێنیشی دەبێت بۆ کێشەی کورد لە تورکیا. ئەمە تەنها بۆ سووریا نییە، گێڕانەوەی متمانە بۆ گشت کوردانی ناوچەکەمان، لەهەموان زیاتر ئەرکی تورکیایە.






مووسڵ.. ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەک گەڕەک

لە ئەنجامی باران بارینی بەخوڕ کە دوێنێ دووشەمە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی عێراقی گرتەوە، لافاو لە شاری مووسڵ دروستبوو کە بە هۆیەوە ژمارەیەک گەڕەکی بەشی ڕاستی شارەکە ژێرئاوکەوتن. ئەفسەر لە بەرگری شارستانی پارێزگای نەینەوا، نەقیب کەریم عوبێدی ڕایگەیاند، بە هۆی ئەو لافاوەی کە ڕۆژی دووشەمە لە ئەنجامی باران بارینی بەخوڕ ناوچەکەی گرتەوە، گەڕەکانی تەیەران، غەزلانی لەگەڵ ژمارەیەک لە خانووەکانی شاری کۆن لە بەشی ڕاستی مووسڵ ژێرئاوکەوتوون، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زۆربەی ڕێگەکانی نێوان شارەکە و گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری داخراون. کەریم عوبێدی باسی لەوەشکرد، ژمارەیەک خێزان لەو ناوچانەی کە بە هۆی لافاوەکەوە لەو گەڕەکانە گیریان خواردبوو لە لایەن تیمەکانی بەرگری شارستانییەوە ڕزگارکراون. جێی باسە ڕۆژی دووشەمە باران بارینێکی بەخوڕ شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی گرتەوە کە بە هۆیەوە لافاو لە چەند ناوچەیەک دروستبوو.

پرۆژەیەک بۆ لکاندنی هەرێمی سوننەی عێراق بە ئوردن پێشکەش دەکرێت

وێنەیەکی پرۆژەکە ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکرێ

مامۆستایەکی کورد لە یەکێک لە زانکۆکانی ڕووسیا، پرۆژەیەکی پڕ وردەکاری بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عێراق بەسەر سێ دەوڵەت و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو وڵاتە پێشکەش دەکات کە وێنەیەکی پرۆژەکە ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکات. بەشێکیش لە چارەسەرکردنەکە، لکاندنی هەرێمی سوننەی عێراقە بە ئوردنەوە.



دکتۆر جەزا چنگیانی، مامۆستای بەشی سیاسەت لە زانکۆی سانت پیترسبۆرگی ڕووسیا، پرۆژەیەک بە ناوی "تاقە ڕێگەچارەی گرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" پێشکەش دەکات کە وەک بابەتی کۆڕێکێشە بۆ مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکە و وەڵامێکیش بووە بۆ ڕاپۆرتەکەی "کرۆکەر/ بیتراوس لە بارەی گرفتی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. بەپێی ئەو پرۆژەیە، هۆکارەکانی ئاژاوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

– نەبوونی دەوڵەتێک بۆ کورد کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە ناوچەکە.

– ڕێزنەگرتن لە جیاوازیی مەزهەب و ڕەگەزەکان و زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکڕەویی ڕەگەزێک، وەک سوننەی عێراق، فارس لە ئێران و تورک لە تورکیا.

– پەسەندنەکردن و ڕێز نەگرتنی سنووری کێشراوی نێوان وڵاتان لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکە و دەوڵەتەکانەوە.

– نەبوونی ئاوزانی مۆدێرن و دیموکراتی لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناوچەکەدا.

جەزا چنگیانی لە پرۆژەکەیدا پێیوایە کە عێراق تاکتیکی ئینگلیزەکان بووە بۆ ئەوەی کورد وەک گەلێکی سوننەمەزهەب لە تەک عەرەبی سوننە تێکەڵاو بن، تاوەکوو هاوسەنگی بەرامبەر بە زۆرینەی عەرەبی شیعە دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەی کوردستان خاکەکەی دەوڵەمەند بە نەوت.

پرۆژەکە جەخت دەکاتەوە کە ناتواندرێت جارێکی دیکە باشووری کوردستان "بخرێتەوە سەر دەسەڵاتی بەغدا ؟"بۆیە پێشنیاز دەکات کە بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەر بکرێت:

1- دەوڵەتێکی دیموکراسی لە کوردستان دروست بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە کورد "بە هەموو پێوەرێک "مافی ئەوەیان هەیە، دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت و جیاوازیی گەورەی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کەلتووری لە نێوان کورد و عەرەبدا هەیە. نموونەشی بە قسەیەکی شێخ مەحمودی حەفید، یەکەمین مەلیکی کوردستان هێناوەتەوە کە بە ئینگلیزەکانی گوتووە: "ئێمەی کورد دەتوانین دراوسێیەکی باشی عەرەب بین، بەڵام ناتوانین لە وڵاتێکدا پێکەوە بە ئارامی بژین ."تەنانەت کامل چادرچی، سیاسەتمەداری عەرەبی سوننە دەڵێت ئەگەر ئێمە کورد بین، ئەوا ئێمە ئەو کارە ناکەین، چونکە ئێمە عەرەبی سوننەین، بەڵام ئێمە عەرەبی سوننەی درووستبوونی عێراق گوتوویەتی، مەحاڵە بێ دەوڵەتی کوردی، عێراق ئارام بێت.

2- دەوڵەتێک بۆ شیعەکان دروست بکرێت کە هەرچەندە بە ڕەگەز عەرەبن، بەڵام جیاوازیی ڕۆحی لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە هەیە، ئەو جیاوازییەش بۆ1500 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

3- سوننەکان: بە ژمارە کەمینەن، بەڵام بەحوکمی "هەڵەی ئینگلیزەکان" چەقی دەسەڵاتیان لە عێراق پێدراوە، تا ئەو کاتەی ڕژێمی بەعسی عێراق لە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی سەدام حوسێن لەناو چوو. سوننەکان بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بەسیستەمی فیدرالیی عێراق نییە.

هەر ئەو مامۆستایەی زانکۆکەی ڕووسیا پێشنیازی کردووە، کێشەی سوننەی عێراق بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت:

– دەوڵەتێکی تایبەتیی سوننە: ئەو دەوڵەتە لە نێوان دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان و دەوڵەتی شیعەدا بێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی بیرە نەوتییەکان دەکەونە سنووری دەوڵەتی کوردستان یان دەوڵەتە شیعییەکە، هەردوو دەوڵەت ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بکەن کە تا ماوەی 20 ساڵ، بەشێک لە داهاتی نەوت بە دەوڵەتە سوننییەکە بدەن.

– دەوڵەتە سوننییەکە لەگەڵ شانشینی ئوردن تێکەڵاو بکرێت.

هەر لە پرۆژەکەدا باس لە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان کراوە و بەجۆرێک ڕێگەچارە بۆ ئەوانیش دۆزراوەتەوە و پێشنیاز کراوە و جەختیش لەوە کراوەتەوە کە ئەگەر خاکی سوننەی عێراقییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئوردن تێکەڵاو بکرێت، ئەوا دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینیش.

لە کۆتایی پرۆژەکەدا، ئاشکرا کراوە کە وێنەی پرۆژەکە بۆ هەریەک لە (کۆنگرێسی ئەمەریکا، پەرلەمانی ئەورووپا، (دوما) پەرلەمانی ڕووسیا، کنیستی ئیسرائیلی، کۆمکاری عەرەبی و چەند شوێنێکی دیکە) دەنێردرێت.



هۆڵەندا... کۆبوونەوەی گشتی هەڤکاری هێزە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو

لەکۆبوونەوەکە چەند بڕیارێکی گرنگییان دەرکرد

ساسان دەرویش- هۆڵەندا

وێڕای کەشوهەوایەکی نالەباری بەفر و باران و سەرما لە هۆڵەندا، گەڕێکی تری بۆ بەردەوامی کۆبوونەوەکانیان ئەنجامدا بەئامادەبوونی بەشێکی بەرچاوی نوێنەرانی بەشداربووی پارتەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، بەمەبەستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتیمانی و نەتەوەیی کورد و بە پەرۆشبوون بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئێستا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە چاوەڕوان دەکرێن لە ئاستیاندا کار و چالاکی شیاویان هەبێ بە یەکگرتوویی، سەرەتا بەساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستانی گەورە دەستیپێکرد، پاشان پرۆگرامی کاری کۆبوونەوەکە وپلانی ساڵی 2019 و هەڵسەنگاندن بۆ کاروچالاکییەکانی ساڵی ڕابردوو لە چەند خاڵێکی کۆکراوەدا خرایەڕوو بۆ ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە، هەریەکە لە نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان لە دوای گفتوگۆیەکەی چڕوپڕ بیروڕای خۆیان سەبارەت بە خاڵبەندی پڕۆگرامەکەدا و بە پێشنیاری بەجێ دەوڵەمەندیان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ئێستای کوردستانیشیان لەبەرچاوگرتوو باسیان لێوەکرد زۆر بە هەستێکی نەتەوەییەوە پەنجەخرایە سەر کێشەکانی دانیشتوانی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم ئارامی کوردستان، هەروەها پێشنیار و چارەسەری گونجاویان دیاری کرد بۆ کێشەکانی کوردستان و جەختیش کرایەوە لە پاراستنی یەکڕیزی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، لەم کۆبونەوەیەشدا چەندین بڕیار بە تێکڕای دەنگ پەسەند کران، بڕیار درا بۆ ساڵی نوێی کارکردنی هەڤکاری هێزە کوردستانیەکان لە هۆڵەندا 2019 هەموو یاد و چالاکییەکانی نەتەوایەتی بە یەکگرتوویی و لە ژێر ئالای کوردستان ئەنجام بدرێت، هەروەها لێژنەی بالای هەڤکاری بۆ ڕاپەڕاندنی کاروچالاکییەکانی ساڵی 2019 بە تێکڕای دەنگ بەم شێوەیە هەڵبژێردران: عەلی هروری بەرپرسی لێژنەی بالا و گوتەبێژی هەڤکاری، پارتی ماف و ئازادییەکان هاک پار- نوێنەرایەتی باکوری کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان- نوینەرایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان- سوریە پ د ک س نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەمانەشدا بڕیاردار بۆ پێکهێنانی دامەزراندنی لێژنەیەکی تایبەت بە ڕاپەڕاندنی یادی هەڵەبجەی شەهید کە بڕیارە لە ڕۆژی 2019/3/16 لە بەردەم بارەگای قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە شاری دێنهاخ بکرێت، بۆ هەبوونی سەنگ و قورسایی ڕەوەندی کوردستانیش بڕیاردرا کە پاڵپشتی لە کاندیدە کوردەکان و دۆستانی کورد بکرێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هۆڵەندا کە بڕیارە لە 2019/3/20 ئەنجام بدرێت، هەروەها پاڵپشتی کردنیش لە کاندیدە کوردەکان و دۆستانی کورد بکرێت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا کە بڕیارە لە 2019/5/23 بکرێت بۆ ئەوەنە پشتگیریەکی بەهێز لە پاڵیۆراوی پارتی کاری هۆڵەندا خاتوو "شەم ئەحمەد" کاندیدی ژمارە5 بکرێت. ئەمەو کۆبوونەوەکە چەند کاتژمێرێکی خایاندو زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

قەیرانی گۆشتی سوور لە ئێران

عەلی ئەسغەر مەلەکی: ڕۆژانە 50 هەزار سەر مەڕ لە ڕۆمانیاوە هەناردەی ئێران دەکەین

سەرۆکی یەکێتیی ئاژەڵداریی مەڕ و بزنی ئێران، عەلی ئەسغەر مەلەکی ڕایگەیاند ڕۆژانە 50 هەزار سەر مەڕ لە ڕۆمانیاوە هەناردەی ئێران دەکەن. سەرۆکی یەکێتیی ئاژەڵداریی مەڕ و بزنی ئێران، عەلی ئەسغەر مەلەکی بە ئاژانسی هەواڵی کرێکارانی ئێرانی ڕاگەیاند ڕۆژانە 50 هەزار سەر مەڕ لە ڕۆمانیاوە هەناردەی ئێران دەکەن بەمەش تا ڕادەیەک دەتوانن بەهای کرپینی گۆشت کەم بکەنەوە. مەلەکی ئاماژەی بەوەدا کە بە ڕێگای نایاسایی گۆشت لەدەرەوە دەهێنددرێتە بازاڕەکانی ئێران و هەوڵ دەدەن ڕێگا لەوە بگرن. دوای سەپاندنی سزاکان بەسەر ئێراندا کێشەی بەرهەمهێنان و خواردنی گۆشتی سووردا سەری هەڵدا. بەهای یەک کیلۆ گۆشتی سوور لەو وڵاتە بۆ 110 هەزار تومەن بەرزبۆوە و کەمبوونەوەی خستنەبازاڕی گۆشتیش بووە هۆی ئەوەی نۆرە لەبەردەم فرۆشگاکانی گۆشتفرۆشی بگیرێت.

ناتانیاهو: ئێران هەموو ڕۆژێک هێرشی سایبەریی دەکاتە سەر ئیسرائیل

چاودێریی هێرشەکان دەکەین و ڕێگریی لە سەرجەمیان دەکەین

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو بانگەشەی ئەوەیکرد کە هەموو ڕۆژێک ئێران هێرشی سایبەریی دەکاتە سەر وڵاتەکەی. لە میانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە تەکنەلۆجیای سایبەریی کە لە تەل ئەبیبی پایتەخت سازکرا، بێنیامین ناتانیاهو گوتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا ئێرانی کردە ئامانج. بێنیامین ناتانیاهو جەختی لەوەکردەوە کە تاران لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات و گوتی: هەڕەشەی لەناوبردنی ئێمە و بە ئامانج گرتنی شارەکانمانیان کرد لە ڕێگەی مووشەکەکانیانەوە. ئێمە بێ خەبەر نین لەو هەڕەشانە. لە ڕێگەی ئەم جۆرە هەڕەشانەوە ناتوانن گوشار بخەنە سەر ئێمە، چونکە ئێمە دەزانین هێزی بەرگریی و هێرشکردنمان چەندە. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل تیشکی خستەسەر ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەکرێت هەر وڵاتێک بەڕەوڕووی هێرشی تیرۆریستیی بێتەوە بۆیە پێویستە هەموو وڵاتان خاوەنی تەکنەلۆجیای بەرگریی سایبەریی بن. بێنیامین ناتانیاهو سەبارەت بە ئاسایشی سایبەریی ئیسرائیل دوا و گوتی: ئێران هەموو ڕۆژێک هێرشی سایبەریی دەکاتە سەر ئیسرائیل. چاودێریی هێرشەکان دەکەین و ڕێگریی لە سەرجەمیان دەکەین.

زاڵمای خەلیلزاد:

ئەمەریکا و تاڵیبان گەیشتوون بە ڕەشنووسێکی ڕێککەوتنی ئاشتی لە ئەفغانستان



پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو.

نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد ڕایگەیاند کە بەرپرسانی وڵاتەکەی و بزووتنەوەی تاڵیبان بە شێوەیەکی بەرایی گەیشتوون بە ڕەشنووسێک سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئاشتی کە کۆتایی دەهێنێت بە کێشە و ناکۆکییەکانی چەند ساڵەی نێوان بزووتنەوەکە و حکوومەتی ئەفغانستان. لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"، زاڵمای خەلیلزاد باسی لە ئەنجامی کۆتایی ئەو دانوستانە کرد کە لە ماوەکانی ڕابردوودا لە نێوان بزووتنەوەی تاڵیبان و ئەمەریکا لە شاری دۆحە ئەنجامدراوە و ئاماژەی بەوەشدابوو کە بەم زووانە دانوستانەکان دەست پێ دەکەنەوە.

لە ماوەکانی ڕابردوودا گوتەبێژی بزووتنەوەی تاڵیبان، زەبیحوڵڵا موجاهید ڕایگەیاندبوو کە لە دوایین گەڕی دانوستانەکاندا کە لە دۆحە لە نێوان تاڵیبان و ئەمەریکا ساز کرا، هەردوولا بە شێوەیەکی بەرچاو لە پاڵ ژمارەیەک پرسی گرنگ، گەیشتوونەتە خاڵی لێکتێگەیشتن لە بارەی کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە ئەفغانستان.

بزووتنەوەکە ڕەزامەندی لەسەر ئاگربەست و سازکردنی دانوستانی ڕاستەخۆ لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستاندا، نیشانداوە.

نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد ڕاشیگەیاند بەو بەڵێنەی بزووتنەوەی تاڵیبان خۆشحاڵن و ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمەریکا و تاڵیبان وردەکاری نێو ڕەشنووسەکە هەڵدەسەنگێنن و دواتر بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدەن. هەر لەوبارەیەوە ژمارەیەک دیپلۆماتکاری ئەفغانستان کە ناویان ئاشکرا نەکردووە بە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"یان ڕایگەیاندووە، گەشبین بەو پێشڤەچوونەی کە لە میانی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان لە دۆحە بەدی هاتووە. جێی باسە ڕۆژێ دووشەمە سەرۆکی ئەفغانستان، ئەشرەف غەنی بانگەوازی لە بزووتنەوەی تاڵیبان کرد کە بە شێوەیەکی جددی دانوستانی ڕاستەخۆ لەگەڵ حکوومەتدا ساز بکات. ئەشرەف غەنی ئەوەشی گوتبوو "تاڵیبان دوو بژاردەی لەبەردەم دایە، یان ئەوەتا دەبێت پشتیوانی لە گەل و وڵات بکات یان ئەوەتا ببێت بە ئامرازی دەستی وڵاتانی دیکە". پێشتریش زاڵمای خەلیلزاد ڕایگەیاندبوو کە ئەمجارە دانوستانێکی باشی لەگەڵ نوێنەرانی تاڵیبان لە دۆحە ئەنجامداوە و ئاماژەی بەوەشدابوو کە بەم زووانە دانوستانەکان دەست پێ دەکەنەوە.



پیران ئەمیر

لەپێناو کوردستانێکی بەهێز، دەبێ لە "ئیدریس بارزانی"یەوە فێربین

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو زۆر لە بارەی ئیدریس مستەفا بارزانی گوترا و لە لاپەڕەکانی میژوودا نووسرایەوە، ناوێک کە هێشتا تۆزێنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتری گەرەکە بۆ ئەوەی لە حیکمەت و دانایی ئەو زاتە مەزنە تێبگەین کە لە دوای نسکۆوە بەفری چیاکانی گرتێبەردا و دووبارە لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە و لە ساتەوەختی ناتەبایی لایەنەکاندا دەرووی خێری بەڕووی ئاشتی و تەبایی بوو.

بەڵێ ئەو ناوە دایەنەمۆی شۆڕشی گوڵان و خەباتی شاخ و کۆتری ئاشتی بووە کە لە ڕاپەڕیندا گەیشتە ترۆپک، دەکرێ بگوترێ هیچ کەسێک وەک ئیدریس بارزانی نەبوو، ئەو لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بە کار و فەرمان و هەڵوێستەوە تەواو هاوشێوەی باوکی بوو قالبووی مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی و ئاشنای تەواوی شاخەکانی کوردستان بوو، پێشمەرگە و ڕۆشنبیر و ڕۆشنفکر و ئاشتیخواز بوو بەجۆرێک گیانی تەبایی تێکەڵی خرۆکەکانی خوێنی ببوو، ئەو دایەنەمۆی تەبایی ناو مالی کورد و شۆڕشگێڕان بوو بە جۆرێک وەک سەرۆک بارزانی گوتی "دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی مستەفا بارزانی بوو، هەموو سیفاتی لەودا کۆ ببنەوە" بەڵێ شەهید ئیدریس بارزانی بەحەق پێشمەرگە و سەرکردەی ڕۆژانی سەختی خەبات و خاوەنی دەسکەوتەکانی بەیاننامەی ئازاری ساڵی حەفتا و ژیانەوەی خەباتی کورد بوو لە شۆڕشی گوڵاندا.

ئێستا کە بەدڕوشمی (بەرەو کوردستانێکی بەهێز) پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتنی مەزن بەدەستبهێنێت و شەڕەفی سەرۆکایەتی حکوومەتی لە ئیرادەی جەماوەر وەرگرتووە و خەڵک چاوەڕێن و لایەنەکان بە گیانی برایانە و لێکتێگەیشتنەوە بێنە پێشەوە و وانەکانی تەبایی و ئاشتی لە ئیدریس بارزانییەوە فێربن و جێبەجێی بکەن بە ئاراستەی هەرچی زووتر گەشانەوە و پێشخستن و نەجاتدانی هەرێمی کوردستان لەو کێشمە کێشمانەی ئێستا لەناوچەکە بوونی هەیە

بەڵێ پێویستە وەک چۆن لە بەغدا و لە تاوتوێ کردنی بابەتی بەشە بوجە و موچەی هاووڵاتیاندا دەستەکانمان لە یەکتر گرێدا و سەرکەوتنی گەورەمان بۆ ئەو قۆناغە بەدەستهێنا، بەهەمان شێوە پێویستە بەهەمان ڕوحیەت کار بکەین بۆ قۆناغی داهاتوو تاکو بەیەکەوە لە کوردستانێکی بەهێزدا بەردو ئامانجی بااڵتر هەنگاو بنێین.

پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2019ی عێراق مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان زامن دەکات

مەیادە نەجار: زۆربەی فراکسیۆنە کوردستانیەکان داکۆکیەکی سەرسەختیان بۆ پاراستنی قوتی خەڵکی کوردستان کرد

بیلال سەعید: پەسەند کردنی بودجەی عێراق و کاریگەرییەکانی


شیلان بیبانی: رێکەوتن لەسەر بودجەی هەرێم قەیرانە ئابووریەکان کەم دەکاتەوە

خەبات: تریفە ئازاد

لە هەفتەی ڕابردوو کۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادە بوونی (278) پەرلەمنتار بەرێوە چوو کە تایبەت بوو بە پەسەند کردنی بودجە عێراق لە نێوانیشیاندا دەنگیان دا بە مادەی (10) بڕگەی (ج) کە تایبەت بوو بە مسۆگەر کردنی مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی کوردستان دوور لە کێشە و ململانێی سیاسی. بە گوێرەی ڕەش نوسی پرۆژەی یاساکە کە دەبێت مانگانە بری (454) ملیار دینار بۆ فەرمانبەرانی هەرێم و (68) ملیار دیناریش بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە بودجەی عێراق دیاری دەکرێت.

زۆربەی فراکسیۆنە کوردستانیەکان داکۆکیەکی سەرسەختیان بۆ پاراستنی قوتی خەڵکی کوردستان کرد

مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پەسەند کردنی بودجەی عێراق تاراددەیەک یەک دەنگی خستە نێو لایەنە کوردستانیەکان ئەگەر ئێمە ڕامانێک بۆ سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە بکەین باس لەیەکریزی گشت لایەنەکان بکەین پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەهەلوێستی پێرۆزی سەرۆکی هێژا (سەرۆک مەسعود بارزانی) بکەین کە بریتیە لە پەیامی بڕایەتی و یەکڕیزی و کوردایەتی و پاراستنی بەها نەتەوایەتیەکان ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جێبەجێکەری ئەو پەیامەین و هەمیشە دەڕگامان بۆ گشت لایەک کراوەیە بۆ بنیادنانی کیانێکی بەهێزی نەتەوایەتی، تەنانەت فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو هۆڵی پەرلەمانی عێراقدا هەمیشە هەموو جۆرە هەوڵێکی بۆ چەسپاندنی یەک هەلوێستی لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان داوە بەدرێژایی چوارەد ساڵی ڕابردوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەرجەم دەستپێشخەری لێکنزیکبوونەوەی گشت لایەنەکانی نێوان فراکسیۆنە کوردستانیەکان لەسەر دەستی سەرۆکی هێژا (سەرۆک مەسعود بارزانی) بووە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرباش دەزانێت بە یەکدەنگی و یەکگرتووی میللەتی کورد سەرکەوتن بەدەست دێت تەنانەت بۆ پاراستنی گیانی برایەتی نێوان لایەنە کوردستانیەکان پارتی دیموکراتی کوردستان قوربانی زۆری داوە وەک هێزی یەکەم سازشی لەمافەکانی خۆی بۆ حزبە کوردستانیەکانی تر کردووە. ئەگەر لەم قۆناغەی ئێستاش بدوێین جارێکی تر هەست بەوە دەکەین پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەموو لایەک زیاتر هەوڵی داوە یەکریزی دروست بکات، هەرچەندە هەندێکجار لایەنەکانی تر بەدەنگ داواکاری پارتیەوە نەهاتوون و تەنانەت بۆ کاری تایبەتی خۆیان دژایەتی پارتی یان کردووە و زیانیان لەهەرێمی کوردستان داوە بەلام پارتی هەمیشە بەروحی نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکریزی نێومالی کورد هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەڕ و لەم پێناوەشدا باجی زۆری داوە. ئەگەر ئێمە سەرنجێک لەسەر هەنگاوەکانی ڕۆژی(1-23 2019) بدەین کاتێک زۆربەی فراکسیۆنە کوردستانیەکان داکۆکیەکی سەرسەختیان لەپێناوی



پاراستنی قوتی خەڵکی کوردستان کرد هەموو هەوڵێکیان لەپێناوی زامنکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بوو ، ئەم کارە هەنگاوێکی زۆر پیرۆز بوو چونکە دوای دروستبوونی ساردی لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان قۆناغێکی نوێی خولقاند کە پێویستە هەمووان پێکەوە کاربکەن و جارێکی تر یەکدەنگی دروستکردووە ،لەلایەکی ترەوە ئەوەی سەلماند کە یەکریزی یەکێکە لەهەنگاوەکانی سەرکەوتن چونکە دەکرێت ئێمە وەک پەرلەمانتاران بەرێگەی دەستور و یاسا هەموو هەوڵێک بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بدەین، بەلام ئەوەی گرنگە یەکڕیزییە لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانیەکان تاکە هەنگاوی سەرکەوتنە چونکە هەتا یەکدەنگی لەنیوانماندا نەبێت ئەستەمە پرۆژەکانمان سەرکەوتوو نەبێت.

یەک دەنگی کورد لە بەغدا و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد هەروەها مەیادە نەجار زیاتر گوتی:

ئەوەی جێگەی ئامازەپێکردنە ئەم یەک دەنگیە هەنگاوێکی زۆر سەرکەوتوویی لێهاتە بەرهەم بەلام مەرجە بۆ گشت پرسەکان بەم شێوەیە کاربکەین، واتا نابێت ئێمە تەنیا هەوڵەکان لەچوارچێوەی بودجەدا کورت بکەینەوە پێویستە ئەم سەرکەوتنە ببێتە پرۆژەیەکی زۆر گرنگ هەوێنی قۆناغێکی نوێ بۆ دەستپێکی کوردستانەوە لەکۆتایدا دەکرێت بلێن کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەک هەنگاو بۆ یەکریزی بنێن و پەسەند کردنی بودجە زیاتر یەک دەنگی لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان دروست کردبێت.

پەسەند کردنی بودجەی عێراق و کاریگەرییەکانی بیلال سەعید ئابووری ناس لە بارەی کاریگەرییەکانی پەسەند کردنی بودجەی عێراق و دابین کردنی پشکی هەرێم بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

پەسەندکردنی بودجە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جولەی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە دوابەدوای چەند ساڵێک لە ناکۆکی سیاسی و دارایی و ئابووری نێوان هەرێم و بەغدا، ئێستا تێگەیشتنێکی نوێی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە، هەروەها خواستێکی نێودەوڵەی هەیە بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا لەیەکەوە نزیکبن و کار پێکەوە کار بکەن، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەردوولایە. بڕیاری سیاسی لە چەند ساڵەی ڕابردوو کاری گەری هەبوو بەسەر پابەند نەبوونی عیراق بە یاسای بووجە، چونکە لە 2014تا 2017یاسای بودجە هەبووە بەلام عێراق بەو یاسایە



پابەنەبووە، لەساڵی 2018یش خراپترین ساڵی بودجە بووە بۆ کوردستان و پشکی هەرێم کەمکرایەوە بۆ کەمتر لە 13%.

ڕێکەوتن لەسەر بودجەی هەرێم قەیرانە ئابوورییەکان کەم دەکاتەوە شیلان بیبانی ماستەر لە کارگێڕی کار مامۆستای زانکۆ لە بارەی پەسەند کردنی و ناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەرەتا بوودجەی ئەمساڵ بە هۆی ململانێ سیاسی خەریک بوو بە زیانی کوردستان بشکێتەوە بەلام خۆشبەختانە لە ئەنجامی ڕێکەوتنە سیاسیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا توانرا بەشە بوودجەی هەرێم نزیکەی بگاتە وەک دەڵێن 20%، تاوەکو ئێستا ئابوری کوردستان لەسەر بنەما سیاسیەکان دادەڕێژرێت، بوودجەی عێراقی بە بڕی 112ملیار دۆلار بە ناردنی 3.9ملیۆن بەرمیل کە لە ناویاندا چارەکە ملیۆنێک واتە 250هەزار بەرمیل لە لایەن کوردستانەوە دەنێردرێت ، ئەوەی جێگەی ئامازە پێکردنە نرخی نەوت بە



56دۆلار ، گەر نرخی نەوت وەک ئەوەی ئێستا کە 63 دۆلارە بمێنێتەوە ئەوا کورتهێنانی بوودجە کە بڕەکەی 22ملیار دۆلارە کەمدەبێتەوە ، بەمشێوەیە بە بەرزبونەوەی نرخی نەوت داهات زیاد دەکات بەو پێیەی داهاتی عێراقی بە ڕێژەی 89%پشت بە نەوت دەبەستێت ، بەلام لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی بوودجەی عێراقی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستانیش ڕوو لە دابەزین دەکات بۆیە لەم کاتەدا گرنگە هەرێم پلانی ئابوری دی هەبێت لە کاتی ئەم حالەتە، ئەوەی جێگەی ئامازەپێکردنە بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا زۆرترین پشکی بەرکەوتووە ئەمەش وادەکات کە بیر لەوەبکرێ کە پاشەکەوتی مووچە نەمێنیت و هەنگاوەکان بەرەو ئابووریەکی باش بڕوات و بە تەواوەتی قەیرانی ئابووری کەم ببێتەوە یاخود نەمێنێت ، زۆر گرنگە ئەو داهاتانەی هەرێم لە و بەشە بوودجەیە لە کەرتی وەبەرهێنان و گشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی جێگیرەوەی نەوت دروست ببێت و لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراوی دابەزینی نرخی نەوت گرفتی ئابوری جارێکی تر بەرۆکی هەرێمی کوردستان نەگرێتەوە.

گرنگیا بەنکێت ئەلیکترونی بۆ پێشکەفتنا ئابووری هەرێما کوردستانێ؟



سەردار شاکر سلێمانەی

پێشکەفتنا بەرچاڤ یا بەنکان و دیار کرنا شێواز و ڕێکێن نویی بو فروتنا خزمەتێن بانکی بو ینە ئەگەر داخواز زور بیت لسەر شێوازێ ئەلیکترونی یێ بەنکی و ئەڤ جورە یێ بەنکان تازە سەرهەلبدت و پتر گرنگی پێ بهێتە دان ژبەر دابینکرنا وەختەکێ گونجایی و هلگرتن بزیترین وەخت دبەنکان دە بڕێکا ئەنتەر نێتێ.

جوداکرن ژ بەنکێت دی ب پێشکێشکرنا ڤان مفایان ئەوژی: شیانێت گەهشتنا ڕێژەیەکا زور ژ تاکان و بەلاڤبونا خزمەتێت وان لهەمی جهـ و وەختان ,پێشکێشکرنا هەمی خزمەتێت بەنکی و خزمەتێت نویی ,کێمکرنا تێ چونان, بسانەهی و بوەختەکێ کێم کریارێ بەنکێ دکارت خزمەتان وەربگرت ,خزمەتێت کارتان بێ بەرامبەر. گەلەک بەنکێت ئەلیکترونی هەنە لێ ژ باشترین بەنکێت ئەلیکترونی لسەرانسەر جیهانێ ئەڤ پێنجەنە ئەو ژی: بەنکا پەی پال ,بەنکا نیتلە,ر بەنکا سکریل ,بەنکا پایزا و بەنکا پەیونێر. پێدڤیە بزانین ئەو مەترسیێن ئاراستەی بەنکێت ئەلیکترونی دبن دوو جورن جورێ ئێکێ گرێدایە ب مەترسیا گرێدایی بسیستەمێ تەکنولوژیایێ ڤە کو گەلەک جاران خسارەتی پەیدادبت ژ ئەنجامێ نەدروست بکارئینانا تەکنولوژیایێ ژ لایێ کریاران ڤە یان ژی پروگرامەک نەگونجایی بهێتە بکارئینان ,و مەترسیا دووبێ گرێدایە بمەترسیا سەردابرنێ و بکارئینانا پروگرامێن لاسایی کەر بێت ئەلیکترونی و دزین و بکارئینانا زانیاریێت تاکەکەسی. دبیت ئەز نەبێ شاش بم کو زورباشە بەنکێت مە بێت حکومی و هەتا هندەک بەنکێت کەرتێ تایبەت ژی نەکارینە سیستەمێ ئەلیکترونی دکریارێن خودا بکاربێن و نە شیانە سەرنجا کریارێت بیانی و بێت ناڤخوی بو خوە بکێشت و هەتا نوکە لاوازی یا دسیستەمێ بانکی دە ل وەلاتێ مە و لشوونا ئەم کریارێ خوە زیی بدەنە ڕیێ و گیرونەکەین ئەم پتر دلێ وێ ژ بەنکان ڕەش دکەین. یا خوبایە کوچ زەر ناهێتە دیتن ژ بکارئینانا سیستەمێ ئەلیکترونی بو کریار و بەنکێ بخودێ چونکی ئەگەر ئەم بێژن بەنکێت مە ئامیرێ کێشانا دراڤی یێ ئەلیکترونی بدەین و بکاربێن کو ئێکە ژ ڕێکێت بکارئینانا خزمەتێت بەنکی ێت ئەلیکترونی دێ هەم کریارێ بەنکێ بزیترین وەخت دراڤێ خوە راکێشت و هەم بارگرانی ژی نامینت لسەر بەنکێت مە و ئەم دبینێ وەختا موچە دهێتە دان لسەرێ هەمی هەیڤان پەستانەکا زور دکەڤتە سەر بەنکان و هەڤولاتی پێکڤە قەستا بەنکێ دکن دا دراڤێ خوە رابکێشن و ئەڤە ژی بنەڕێنی دزڤرت بو بەنکێ بشێوەیەکێ تایبەت و بو زڤروکا دراڤی لناڤ بازاری بگشتی چونکی ئەگەر ئەو کوژمێ دراڤی بئێکجار ژ بەنکێ هاتە راکێشان سیولە ژی دێ لدەڤ بەنکێ کێم بت و سستیەک دێ کەڤت کارێ بەنکێ. لەوا بدیتنا من ئەگەر موچەخور و کریارێت بەنکێت هەرێما مە کارتێت بەنکی ێت ئەلیکترونی هەبان و پتر سیستەمێ بکارئینانا کارتێت بانکی بەلاڤ ببایە و کرین و فروتن هەتا رادەیەکێ زور بڕێکا ڤان کارتان بایە کو حکومەتا مە دکارت ڤی سیستەمی پەیرەو بکە ت دا هەم دراڤ بئێکجاری ژ بانکێ نە هێتە کێشان و هەم ڕەوشتێ بکار ئینانا خزمەتێت بەنکی بشێوەیێ ئەلیکترونی دناغێ تاکەکەسان دە جێگربا دا کو ئەم بکارن ئابووریێ وەلاتێ خوە بهێز بکن و پتر سەقامگیریا ئابووری پەیدا بکن.



دەستکەوتێکی دیکەی مێژوویی



عیماد تەها*

دوای سەردانەسەرکەوتویانەی سەرۆک مەسعودبارزانی بۆ بەغدا وئەوپێشوازی گەرمەی کە لەلایەن سەرکردە بالاکانی شیعە و سونەی عیراق لەبەرێزیان کرا کە بێ وێنە بوو لە مێژوویی پەیوەندیە کانی عیراق و هەرێمی کوردستان دا، کە بۆ هۆی کردنەوە ی چە ندین گرێ کویرە کە لەسەریک کەڵەکە ببوون بە تایبەتی دوای ئنجام دانی ریفراندووم کە لە هەمو رویکە وە لە ژێر فشارو قە یران دا بووین، بەرێزیان توانیان هەمو بەستە لە کان بشکینێت و دە ستکە وتێکی دیکەی مێژوویی بخاتەسەردە ستکە وتە کانی خۆی و پارتە کەی و هە رێمی کوردستان.

ئەمەی دەسکەوتەی کە دوێنی لە پە رلەمانی عیراق ڕوی دا مەبەستم پە سەندکردنی ماددە ی (١٠) میزانیە و بودجە ی فە مانبە ران و هیزی پیشمەرگە یە...بەرهە م و دە رئەنجامی سەردەانە کەی ڕێزدار جەنابی سەروک مەسعود بارزانی و یکریزی و تەبایی سەرجە م فراکسیونە کوردیەکانە.

بەلام ناکرێت ڕولّ و ماندووبون و هەوڵ و کۆششی بەرێز سە ڕوکیحکومە ت و خۆراگری هاوولاتیان و فیداکاری پێشمەرگە باس نە کرێت ویا بەبیرخومان نە هێنینە وە.

بۆیە پێویستە هەمیشە کورد ئەوها یەکریز یک هەڵوێست بن بەرامبەر بە گشت مافە دە ستوریەکانی خە ڵکی هەرێمی کوردستان، چونکە مێژوو سە ڵماندوویەتی بەتەبایی و یەک هەڵوێستی توانیمانە دەستکەوتی مێژوویی وباش بەدە ست بهینین هەرکاتێک ناو مالّی کورد پەرتەوازە بێت دەر ئەنجامی خراپی لێکە وتووتە وە و خە لکی هەرێمی کوردستان زەرەرمەندی یەکەم بووینە ، هەرئەم سەردانە مێژوویەکەی بەرێز جەنابی سەرۆک بارزانی وامان پێ دەلێت کەدە ستکەوت و بەرهەمی دیکەی بۆخە لکی هەرێمی کوردستان بە دوای خۆی دا دەهینێت و سە رجەم گرێ کوێرەکان کە بو هەرێمی کوردستان دروست کرا بوون چارەسەردە کرێن ،بە تایبە تی پرسی کەرکوک...چونکی مناقشە و گفتگویەکی زورە و لێکراوە،بۆیە ئەم دە ستکەوتە و تەبایی و یەک هەڵوێستی لەخەڵکی هە رێمی کوردستان و سە رجەم فراکسیونەکوردیە کانی پەرلەمانی بەغداد پیرۆز بێت.

* ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی و عیراقی



لە 22هەمین، ساڵیادی ژیاناوایی کردنیدا..

شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی، پێشەوایەکی ئاینی نیشتیمانپەروەر و رابەری پێکەوەژیان و میانڕەوی

عەبدوللای مەلا ئەحمەد، ئەحمەد ئاوایی

دوای هاتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و بوژاندنەوەی ڕێشتەی تەصەوف و عیرفان لە کوردستاندا، خەڵکانێکی زۆر بوونە هەوادار و موریدی ئەو ڕێبازە، و خەڵکێکی زۆری زانا و خوانەناسیش لە بۆتەی عیرفاندا توانەوەو لە ژێر ڕۆشنایی فەرمایشتی پەروەردگاردا (وتلک الایام نداولها بین الناس) دەرەنجام، تروپکی بەرزی و پیرۆزی ئەم تاجە لە دەستی شێخانی هەورامانداما مایەوە، ئەو پیاوانە هەر لە عوسمانی یەکەم، تا عوسمانی دووەم، بوونە هەڵگری ئەو مەشخەڵە پیرۆزە، کە دواتر لە سەردەمی جەنابی (شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی دووەم)دا، گەیشتە تروپکی بەرزی و سەروەری، و ماوەیەکی زۆر بیارە و هەورامان مەڵبەندی خزمەت و گەوردیی ئەو بنەماڵە نوورینە بووە، و سەردەمانێک بیارە گەورەترین خوێندنگەی زانستی ئیسلامیی بوو، لە عێراق و ناوچەکەدا، بە ئاستێک هێنندە بەسە بڵێین، زانای زانایان، جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەپس، وانەبێژ و بەڕێوەبەری ئەو زانستگە و خانەقایە بووە، و سەردەمانێک (بیارە) بوو بووە مەڕجەعی عاریفان و زانایانو هۆتێلی مانەوەی هەژاران و کاروانسەرای ڕێبواران.

بە کورتی مەڕجەع و نشینگەی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بگرە بە عەرەبو ئازەر و تورک و داغستانی و تورکمان سەحرا و جۆرەها ڕەگەزی تردەوە، کار گەیشتبوویە ئەوەی ئەگەر زانایەک، مەلایەک، شاعیرێکی وولێت، ماوەیەک پێی لە بیارە دابڕبووایە، دەبوو شەرحی حاڵی خۆی بکات، و تەرکی هاموشۆی ئەگەر بۆ دوو – سێ مانگێکیش بێت، شی بکاتەوە، مامۆستا قانیعی شاعیر زۆر جوان باسی دابڕانی ماوەیەکی خۆی لە بیارە، بۆ شێخ لە دوو تونێی چەند دێڕە شیعرێکدا ڕوون دەکاتەوە:

مەفەرموو بۆ نەهات هەڵبەت نەماوە شۆڕ و ئیخلێسی
بزانە مانیەم پیریبو خەتای سەرماو و بارانە
لە بیرم دێ کە ئیمزام (قانیعولعوسمانی) دانا بوو
ئیسا چی بکەم، کە بەد بەختم ئەڵێن، مونکیر بە شێخانە
بە چاوی باتینی بڕوانە قوربان بۆ دەروونی دڵ
ئەزانیت قانیعم مەحکەم، لەسەر ئەو شەرتو پەیمانە

ئەگەر کەمێک لەم چامەیە وورد بینەوە، باش دەزانین، مامۆستا قانیع و تێکڕای ئەو خەڵکە چ متمانەیەکی بەرجەستە و مەعنەوییان بەو بنەماڵەیە و کەسایەتییە خوانەناسەکانی هەبووە!

دوا زاتی خوانەناس و پزیشکی بەناوبانگ و کەسایەتی نووربنی تەریقەتی نەقشبەندی شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدینی (بیارە – دووڕۆ) لە ساڵی (1896-1314ز)، لە خانەوادەیەکی زانستیو ئایینیو کۆمەڵێیەتی دا، لە (بیارە) لەدایکبووە، و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خوێندنی لای شێخ عەلائەدینی باوکی، دەست پێکردووە، و قورئانی پیرۆز و تەجویدی لای قورئانخوێنی بالێنی میسر (شێخ مستەفا ئیسماعیل) خوێندووە، و دواتر درێژەی بە خوێندن داوە، و زۆر لە زانایان و هاوەڵێنی زیرەکیو زەکاوەتی ئەو لە سەردەمی خوێندندا باس دەکەن، تا دواتریش و لە سەردەمی شێخایەتیدا زانایی و پزیشکزانی ئەو گەیشتە ئاستێک لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە!

شێخ محەمەد عوسمان لە خانەقادا مایەوە، تا وەفاتی شێخ عەلائەدینی باوکی، بە وەفاتی ئەو زاتە لەسەر ڕای سەرجەم زانایان و مورید و هەوادارانی تەریقەت لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا بە (تەنها کەسی شیاو) دانرا بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، و بۆیە لە جێگای شێخی باوکیدا دانرایەوە، و لە هەر دوو خانەقای (بیارە) و (دووڕۆ)ی، ئێراندا، لە سەر خزمەت بە زانست و هەژاران بەردەوام بوو، و لە ساڵی (1958)دا، دوای ئاڵۆزییەکانی عێراق، ئەو وولێتەی بەجێ هێشت و ڕۆشتەوە خانەقای (دووڕۆ) لە ڕۆژهەڵێتی کوردستان، و لەو زانستگە و خانەقایەشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایان و کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان لە دەوری کۆبوونەوە، لەوانە زانای بەرجەستەی کوردستانی ئێران (مامۆستا مەلا باقری بالک) کە لە زیرەکی و توانای شەرعیدا گەیشتبووە ئەوپەڕ! و هەروەها شێخ عەبدولقادری داغستانی، سەرۆکی زانایانی داغستانو تورکمان سەحرا، لە سنووری ڕوسیاو سەدان زانای تر لە دەوری ئەم چرا پرتەوە کۆبوونەوە، و لەو کاتەشدا سەردانێکی بۆ ئەو ناوچەیە و جێگاکانی تری ئێران دەستپێکرد، کە لەو سەردانەدا زیاتر لە ملیۆنێک کەس بەیعەتی هەوادار بوونو بارگاوی بوون بە تەسەوف و ڕێچەکەی نەقشبەندێتیان بەو سوپا سالارەی لەشکری عیرفان و خواناسیدا، شان بە شانی ئەوەی کە لەو کاتەدا خانەقای دووڕۆ سەدان خوێندکار و فەقێی بە هیممەتی بەردەوام پەروەردە دەکرد، بۆ خزمەتی ئیسلامو کۆمەڵگەی کوردەواری، تا بە جۆرێک ئەم پەیامە دەنگی دایەوە و لە سەرانسەری جیهانەوە تەمەسوکیان لەسەر دەستی وەردەگرت، و موریدێکی بێ شومار پەیوەندییان پێوە کرد، بە جۆرێک تا ئێستاش موریدی ئەو لە ئەوروپا و ئەفریقا و ئوستورالیا و ئەمریکا و ئەمریکای لاتینداما هەن، کە (شێخ یەحیا شکویک) لەو هەوادار و موریدانەیە کە سەرقاڵی بڵێوکردنەوەی ئەو بانگەوازەیە لە وولێتی کەنەدا و ئەمریکای لاتین!

تا دوای تێکچوونی بارودۆخی ئێران و هاتنە سەر کاری ڕژێمی خومەینی لە ساڵی (1979) سەرلەنوێ شێخ موحەمەد عوسمان ئێرانی جێهێشتەوە و گەڕایەوە باشوری کوردستان، و سەرلەنوێ لە بیارە گیرسایەوە، بەڵێم بەداخەوە دوای ماوەیەکی کەم لە هەڵگیرسانی شەڕی خۆێناوی نێوان ئێران و عێراق، بیارەیشی بەجێهێشت و ڕووی کردە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق، و لەوێش وەک چرا نوورینەکەی تەریقەت هەزاران هەزار پەروانەی بێ پەڕوباڵ و بێ ماڵ و حاڵ ڕوویان لێکردەوە، و خانەقای (بەغدا) لە بیارە و دووڕۆ زیاتر ئاوەدانی بە خۆیەوە بینی، و ڕۆژانە جگە لە سەدان زانا و موریدە بە هەزاران هەژار و خەڵکی جۆراوجۆر ڕوویان لەو نشینگەو خانەقایە دەکرد، و هیچ کەسێک بە دڵی شکاو نەدەگەڕایەوە!

بە شانازییەوە (بەندەی ئامادەکاری ئەم وتارە)، لە ساڵی (1988)، و لە تەمەنێکی کەمدا و لە گەڵ مەڕحومی باوکمدا، بۆ ماوەی سێ چاوم بەو سەخاوەت و بەخشندەییەی ئەو زاتە لەو ئاستانەیەدا کەوت و لە ژووری تایبەتی شێخیشدا ئەوەمزانی کە ئەو حەشاماتە بەڕفراوانە چ بڕوایەکی مەعنەویی بەهێزیان بەو زاتە هەیە!

شێخ محەمەد عوسمان، کە لە ناسراوترین و بە تواناترین کوڕانی شێخی عەلائەددینە، جگە لە خۆی هەشت برای دیکەیشی هەبووە، کە هەریەکەیان چمکێکی ژیانی زانستی، یان ئایینی، یان کۆمەڵێیەتی بنەماڵەکەیان هەڵگرتووە، کە ئەوانیش بریتین لە: (شێخ مەولانا، شێخ محەمەد زیائی، شێخ ناجی، شێخ موختار، شێخ ئەمین، شێخ سابت، دکتۆر مەزهەر)، کە دەکرێت بڵێین، ئەو پایە و بۆشاییە بەرزەی شێخی عەلائەدین جگە بە شێخ محەمەد عوسمانی کوڕی، بە هیچ کامی تریان پڕ نەکرایەوە، بەڵێم لەگەڵ ئەوەشدا دەستەوئەژنۆ دانەنیشتن و هەریەکە و چمکێکی ئەو خانەدانە فراوانەیان هەڵگرت!

شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدین، لە ژیانیدا چەند ژنێکی هێناوان و لەوانیش ژمارەیەک کوڕی هەن، لەوانە (شێخ جەمالەدین، شێخ عەبدولمەلیک، شێخ محەمەد ڕەئوف، شێخ ناسیح، شێخ مادح) کە لە هەموویان زیاتر توانیبێتی ئەو جێگایە بە بێنازی نەهێڵێتەوە، دکتۆر شێخ مادحی نەقشبەندییە، کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دادەنیشێت، و جاروبار دێتەوە باشوری کوردستان و بە سەدان کەس بۆ کاروباری پزیشکی سەردانی دەکەن، و دکتۆر مادیح پزیشکێکی زانا و بە توانایە و لە سەرانسەری جیهاندا و بە تایبەتی لە وڵێتی بەریتانیا ناسراوە، و لە سەرجەم وولێتانەوە لە ڕێی تەلەفۆنەوە بۆ کاروباری تەندروستی پەیوەندی پێوە دەکرێت، و کاریگەری باشی لەو بواردا هەیە، و لە لایەنە کۆمەڵێیەتی و ئایینییەکەیشەوە شێخ عەبدولمەلیک نەقشبەندی، تا وەفاتی کرد، ڕۆڵی باشی بینی، لە گۆڕەپانی خزمەت و درێژەدان بەو ڕێبازە پیرۆزە!

پەیوەندییە میژوییەکانی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی و مەلا مستەفای بارزانی: یەکەم یەکتربینینی ئەم دوو پیاوە مەزنە: مامۆستا شێخ موحسینی موفتی، لە پەڕتووکی (بیارە، قەصری عاریفان و ئەزهەری کوردستان)دا،ل207، ئاماژەی بەوە داوە کە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی بۆ یەکەمجار لە حوجرەی مامۆستا مەلا عەبدوللێتی چرۆستانیدا و لە خانەقای مەولانا خالید لە شاری سلێمانی چاوی بە مەلا مستەفای بارزانی کەوتووە و لە خاکی بوون و هەڵسوکەوتی مەلا مستەفا سەرسام بووە، کە خۆی هەڵساوەتەوە و گسکی حوجرەکەی داوە! و ئیتر لێرەوە پەیوەندییان دەسپێکردووە و تا کۆتایی ژیانی هەردووکیان بەردەوام بووە.

و هەر لەوێدا باس لەوە دەکات کە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین هەموو جارێک بە محەببەتەوە باسی خانەوادەی مەڕحومی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمی بارزانی دەکرد، کە ئەوانیش لە مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە تەریقەتیان وەرگرتووە، و ئەو پەیوەندییە بەردەوام بووە تا سەردەمی مەلا مستەفای بارزانی و دواتریش سەرۆک مەسعود بارزانیش بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لە گەڵ شێخی سیراجەدین و چەندین نامە لە نێوانیاندا گۆڕدراوەتەوە، کە شێخی سیراجەدین بە دەقی (بۆ برازای خۆم ....) نامەکانی دەستپێکردووە و سەرۆک مەسعود بارزانیش بە دەقی (بۆ جەنابی مامی بەڕێزم ....) دەروازەی قسەوباسی کردۆتەوە، واتە یەکتریان بە مام و برازا هەژمار کردووە، وەک لە چەندین نامەدا ئەم دەستەواژانە دوبارە بوونەتەوە، کە لە پەڕتوکی ناوبراودا بلێوکراونەتەوە.

ئەم پەیوەندییەیش زۆر لەمێژینەیە و مامۆستا مەلا عەبدولسەلام محەممەد نەبی بێتواتەیی کە هاوڕێی مەلا مستەفا بووە بۆ کۆچی لەمێژینەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کە گەیشتینە شاری بوخارا مەلا مستەفا داوای کرد کە پێکەوە بچینە زیارەتی (حەزرەتی شاهی نەقشبەند!) واتە دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی!

کۆچی دوایی: سەرەنجامو دوای دەیان ساڵ لە خزمەتو زەحمەتو ماندوێتیو ئاوارەیی، بە دەست چەرخە جۆراوجۆرەکانی زەمان و گێژەڵووکە قێزەونەکانی دۆخی سیاسییەوە، و دوای دەیان جار هەڵهاتن لە ئێرانەوە بۆ عێراق و لە عێراقەوە بۆ ئێرانو دواتریش گەشتنە بەغدا و تورکیا و ئەردەن، و چەندەها شوێنی تر، ئەم چرا پرتەو و خواناسە بە هیممەت و پزیشکە زەبر بە دەست و صۆفییە ڕۆح سوکەی ئیسلامیش، لە شەوی 30-31/ 1/ 1997لە ئەستەمبوڵی پایتەختی وڵێتی تورکیا، مالئاوایی لە ژیان کرد و ملیۆنەها هەوادارو موریدی تەریقەتی نەقشبەندی زۆر بێنازانە لە جیهاندا بەجێهێشت، و (22) ساڵ پێشتر و ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، ڕۆژنامەی (حوڕییەت)ی، تورکی نووسیبی: (ئەمڕۆ شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی (9)ملیۆن موریدو هەواداری لە جیهاندا هەیە!!).

شایەنی باسە تەرمی ئەو پیاوە مەزنە، تا ئێستایش بە شێوەیەکی کاتی لە وڵێتی تورکیایە، و بە گوێرەی بۆ ڕەخسانی ڕۆژگار دەگەڕێندرێتەوە بیارە، و لە تەنیشت شێخی زیائەدین و شێخ عەلائەدینی باوکیدا و لە زنجیرەی ئەو ڕشتە پاکو پیرۆزەدا ئەسپەردە دەکرێتەوە.

شایەنی باسە ئەم پیاوە مەزنە جگە لەو خەسڵەتانەی باسکران شاعیرێکی بەرز بووە و دیوانی چاپکراوی هەیە بە ناوی (چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، کە لە لایەن (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵێی فەنایی)یەوە، ئامادەکراوە بۆ چاپ، و تا ئێستا دوو جاریش چاپکراوەتەوە)، و تیایاندا هۆنراوەی نیشتیمانیش هەن، کە قەسیدەیەکی شیعریی زۆر نایابی بە ناونیشانی (خاکی وەتەنم) لە (گۆڤاری گەلاوێژ)دا، ژمارە (3و 4)ی، ساڵی (1942)دا، بڵێوکردۆتەوە، و هەروەها زانا و نووسەرێکی بە توانای شەریعەتیش بووە و نووسینەکانی ئەم بوارەی وەک (تەفسیری سورەتی والتین) و پەڕتووکەکانی (سراج القلوب)، و (الشهب الثاقبه و الٔعتقاد الرصین و الیقین بالله) و (رساله الرابطه) شاهێدی ئەم ڕاستییەن.

*** ماستەر لە تەفسیری قورئان ڕ لەزانکۆی سلێمانی.**

ژێدەرەکان:

(1) . سراج القلوب تألیف : الشیخ محمد عیمان سراج الدین النقشبندی ـ مگبعه النواعیر : الرمادی (1990م).
(2) . نەقشبەند و نەقشبەندییەکان، پوختەیەکە لە میژووی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان و زانا و پیاوچاکان و مەلا و شاعیرانی موخلیس و هەواداریان، ئامادەکردن و نووسینی: عەبدوللێ مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی، یەکەم چاپ (2018)
(3). کەلەیم نامە، سەرجەمی نووسینەکانی (کەلەیم)ی، شاعیر، نووسراوی: مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا، چاپخانە: چاپخانەی گەنج ڕ سلێمانی، (1432–2011).
(4). میژووی تەسەوف لە کوردستان، محەمەد ڕەئوف تەوەککولی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: یوسف زاهیر هەورامی، پێداچوونەوەی: عەبدوللێ مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی، چاپی یەکەم، (2015)، چاپخانەی ڕۆژهەڵێت – هەولێر.
(5). چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، سەرجەمی دیوانی جەنابی شێخ موحەمەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی دووەم، ئامادەکردنی: مامۆستا مەلا عەبدوللێی فەنایی، چاپی نوێ – سنە، ڕۆژهەڵێتی کوردستان، (1394هەتاوی – 2016 زایینی).
(6) .میژووی زانایانی کورد، مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، (2/ 324– 327) ،چاپی یەکەم، هەولێر، (2010).

بەر لە 22 ساڵ ڕۆژنامەی (حوڕییەت)ی تورکی نوویسبووی:

ئەمڕۆ شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی 9 ملیۆن موریدو هەواداری لە جیهاندا هەیە!

بەرپرسی لقی یەک بەدواداچوون بۆ زیانلێکەوتووانی لافاو دەکات



دگەل هاتنا ڤێ بارانا زور نەخاسمە ل سنوری ناحیا فەیدیێ یا سەر ب پارێزگەها دهوکێ کۆ ببو ئەگەرا قوتبونا رێکا دناڤبەرا هند گەرەکاندا، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا کارگێرێ لقێ و رێڤەبەرێ ناحیا فەیدیێ و بەرپرسێ ناوچێ ژ نێزیک ڤە هایداری رەوشا خوجهێن گەرکێن ڤێ ناحیێ بو و سەراوان جهێن لەهی لێ دروست بوی بەرهەڤبو، دگەل خوجهێن وان گەرەکاندا ئاخفت و گوت: ئەم دێ ل نێزیک ڤان گرفتێن هەوە نەخاسمە قەنتەرە و پر و رێک و بانێن هەوە دگەل سازیێن پەیوەندیدار کۆ رێگە چارەسەریەکێ بو سەر ژنوی دروستکرنا پر و قەنتەرێن هەوە بهێتە دروست کرن و هوین ژ ڤێ گرفتێ قورتال بن، ئەڤە و خوجهێن ناحیا فەیدیێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر کۆ د هەوارا وان هات و ئەڤ گرفتە بو وان چارەسەر کر. وەسا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا کاگیرێ لقێ و سەروکا شارەوانیا سێمێلێ ب وەکالەت و بەرپرسێ ناوچێ سەرا ئێک ژوان جهێن ئاڤرێژێ دا ل قەزا سێمێلێ کو ئەو جهمەترسیە ل سەر ژیانا خەلکی نەخاسمە زاروکا، ئەڤەو بەرپرسێ لقێ ژبو دیتنا رێگە چارەکێ ژبو ڤێ گرفتا دکەڤیتە دریکا خەلکیدا دگەل جهێن شولە ژێ گفتوگو کرن و گوت هەمی هەول بهێنە دا ژبو چارەسەرکرنا ڤێ گرفتێ.

بەرپرسی لقی 2 پێشوازی لە هونەرمەند خدر خۆشناو دەکات



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە هونەرمەند خدر خۆشناو کرد. لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی ڕۆڵی هونەرمەندی کرد لە خزمەتکردن بە کلتوور و هونەری کوردی، پێی وابوو ئەرکی هونەرمەندانە ڕەسەنایەتی و کلتووری کوردی لە لەناوچوون بپارێزن، سوپاسی هونەرمەندیشی کرد لەوەی هەمیشە لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان ئامادەگی هەیە و ئاهەنگەکان پڕ جۆش و خرۆشتر دەکات بە سروود و گۆرانییە نیشتیمانییەکان. لە بەرامبەردا هونەرمەند خدر خۆشناو سوپاسی پێشوازییەکەی بەرپرسی لقی دووی کرد و بەڵێنیدا لەسەر ڕێچکەکەی خۆی بەردەوام بێ، کە خزمەتی هونەری کوردی و پرسی نەتەوەکەیەتی.

وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێک بۆ باشتر ڕاییکردنی مامەڵەی هاوواڵاتیان بەکاردەخات



بەشێکی وەزارەتی ناوخۆیە سیستەمی E-Government کاردەکات و کاروبارە کارگێڕییەکان بە ئەلیکترۆنی ڕایی دەکات. د. سامی جەلال، سەرۆکی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ئەو سیستەمە نوێیە داناوە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاوواڵتیان، بە سیستەمی ئەلیکترۆنی ناسراوە و تەواوی کارەکانی هاوواڵتیان ڕادەپەڕێنێ بەڵام لە دەرەوەی دیوانی وەزارەت.

ئەندازیارێکی وەزارەتی ناوخۆ ئاشکرای دەکات کە ئەو سیستەمە نوێیەی کە دیوانی وەزارەت کاری پێدەکات بەشێکی ئەو پڕۆژەیەی کە بڕیارە حکوومەتی هەرێم بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی دابێ بکات و بەشێوەی ئەلیکترۆنی مامەڵەی هاوواڵتیان ڕایی بکرێت.

لەلایەن خۆیەوە ئەندازیار IT لە وەزارەتی ناوخۆ، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: ئەو سیستەمە نوێیە کە دیوانی وەزارەت بۆ کاروباری هاوواڵتیانی خستووەتە گەڕ، پێکدێت لە شەش کابینەی بچوک کە دووانیان تایبەتە بە کاروباری ژیرە و دووانیان تایبەت بە کومپانیا ئەمنییەکان، یەکیان بۆ سکالا و یەکیان بۆ کاروباری گشتی، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەبالغی و نەهێلانی بەرکەوتنی هاوواڵتیان و فەرمانبەران ڕاشیگەیاند: سیستەمەکە ئاسان بەکاردێت و هاوواڵتیان ئەوەی لەسەریان پێویستە بچنە نێو ئەو شەش کابینەی دانراوە لە ڕێگەی سکایپەوە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەت بە کارەکەی دەدوێت و تەواوی دیدارەکەش ریکۆرد دەکرێ، سەبارەت بە بەڵگەنامەکانیش نوێنەری تایبەت دانراوە هەموو کاتژمێرێک دێتە نێو دیوان و بەڵگەنامەکان لەگەڵ خۆی دێنێ، پێویستە بەوە ناکات هاوواڵتیان خۆیان بێن بو ناو بالەخانەی وەزارەت.

بەنداڤا خنس مەترسیا هەرفتنێ هەیە



خەبات – ئالان شەهاب:

مەحەمەد عارف تەتەر، شینوارناس ب خەبات ڕاگەهاند: بەنداڤا خنس ئێکە ژ وان بەندا‌ڤا کو هاتیە دورست کرن بەڵێ نەهاتیە تەمام کرن ژ بەر قەیرانا ئابووری کو هەرێما کوردستانێ ڤە گرتیە زێدەباریَ وێ چەندێ کو ئاڤەکا زۆر ل گەلیێ قەسروکێ و سواڕەتیکا ئەو ئاڤ ل بەنداڤا خنس کۆم دبیت پشتی بارینا ڕێژەکا زۆرا باران بارینێ ئەڤ بەنداڤە پر بوویە و ئاڤ بە سەر دا چویە و مەترسی چێ کریە و ئاڤ زۆر تر بیت ئەڤ بەنداڤە بهەرەفیت زێدەباری وێ چەندێ ئەڤ ڕێژا باران بارینی زەرەر ب دوو پارچا شینواران ل گەلیێ خنس دایە وەک گایا ب پەر و و پور مجنح ژێر ئاڤ کەفتین و ئەو ئاڤ زیان دگەهینتە ڤان دوو پارچا شینواران.

گەشتوگوزاری سۆران: زیانەکانی لافاو زۆربەیان بەر شوێنە گەشتیارییەکانی گەلی عەلی بەگ کەوتوون



بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سۆران، ئاشکرای دەکات بەهۆی ئەم شەپۆلە بارانبارین و دروستبوونی لافاو زیان بەرکەرتی گەشتوگوزاری سنورەکەمان کەوتووە و زۆربەی زیانەکانیش لە گەلی عەلی بەگ بوون. بارزان محەمەد، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە، ئەم شەپۆلە بارانبارینە بەخوڕەی کە لەم دوو ڕۆژانە، دەڤەرەکەمانی گرتەوە، لە چەند شوێنێک زیانی بە ڕێگا و شەقام و شۆستە و سەیرانگەکانی دەڤەرەکەمان گەیاندووە و ئەم شوێنانە پێویستیان بە دووبارە نۆژەنکردنەوە و خزمەتگوزاری پێویست هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زیانی زۆری نەبووە. بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سۆران، گوتیشی: لەناو شوێنە گەشتەوەرییەکانی سنوورەکەمان، زیانی بارانبارین و لافاو، زیاتر بەر چێشتخانە و چەند شوێنێکی گەشتیاری گەلی عەلی بەگ کەوتووە، هۆکارەکەشی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکە و هەڵکەوتەی شوێنەکە بووە.

100 ملیۆن دۆلاری تر بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت



بڕیارە لە سەرەتای مانگی شوباتدا 100 ملیۆن دۆلاری تر بۆ بەڵێندران خەرج بکرێت. بەپێی زانیارییەکان، ئەو 100 ملیۆنە بە چەند قۆناخێک دەدرێتە ئەو بەڵێندەرانەی، کە پڕۆژەی ستراتیژیان ماوە تەواوی بکەن، بڕێکیش دەدرێتە ئەو بەڵێندەرانەی پڕۆژەیان هەبووە و تەواو بووە و پارەکەیان نەدراوە.

رزگار دزەیی، ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان بە باسی ڕاگەیاندووە: بەم نزیکانە 100 ملیۆن دۆلاری تر دەدرێتە بەڵێندەران و گوتی: وەزیری دارایی بینی ئەوەی خستە ڕوو، زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلاری تر بەم نزیکانە خەرج دەکرێت، بە جۆرێک 15%ی پارەکە دەدرێتەوە بەڵێندەران.

وەزارەتی پلاندانان و دارایی هەوڵمان داوە لەو100 ملیۆن دۆلارە ئەو بەڵێندەرانەش بگرێتەوە، کە لە پێشوودا وەریان نەگرتووە. لە ساڵەکانی2015 و 2016 بە دوو قۆناغ پارە بۆ بەڵێندەرەکان خەرج کرا، لە قۆناغی یەکەمدا200 ملیۆن دۆلار و لە قۆناغی دووەمیشدا 100 ملیۆن دۆلار، لە ساڵی 2017 دوو وەجبە پارە سەرف کرا، لە ساڵی 2018دا 100 ملیۆن دۆلاری تر خەرج کرا.

لە هەولێر ڕێز لە پرۆفیسۆرێکی ناسراوی جیهانی نرا

خەبات- سەید فەخرەدین:

بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پزیشکان و پزیشکانی پسپۆڕ لە شاری هەولێر لە لایەن کۆمەڵەی پزیشکانی تیشک و سۆنار، ڕێز لەپرۆفیسۆری جیهانی دکتۆر شادی سەلیم نرا. دکتۆر شادی سەلیم یەکێکە لە پرۆفیسۆرە بناوبانگەکانی جیهان و خاوەنی چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتییە لە بواری جیاوازەکانی تەندروستییدا و لەزۆربەی پایتەختەکانی جیهاندا چەندین سیمیناری تایبەتی لەسەر نەخۆشییە جیاوازەکان پێشکەشکردووە و ئێستاش لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سەرقالی پێشەشکردنی چەندین سیمیناره. دکتۆر شادی سەلیم خۆشحالی بۆ ئەم ڕێزلێنانە دەربڕی و بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕایگەیاند، دەستخوشی لە پزیشکانی شاری هەولێر دەکات و دەستخوشیان لێدەکات بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە و گوتی: بێگومان کوردستان لانکەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنە من زۆر شانازی بەوە دەکەم کە ئەمرۆ لەشاری هەولێر خەلاتکرام و دەستخوشی لە گشت پزیشکانی تیشک و سۆنار دەکەم بۆ ئەم هەڵبوستە جوانەیان و ئامادەم چەندین جاری تر سەردانی کوردستان بکەم.

هەولێر.. 25 کۆگای دەرمانی قەدەغەکراوی قڕکەری زیان بەخش داخران



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ و بەدواداچوون بۆ خەبات ڕایگەیاند: بە سەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر لیژنەیەک پێک هات لە بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەر بە ئاژانسی پاراستن و بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر و پۆلیسی قایمقامییەت بۆ پشکنینی38 کۆگا و دوکانی فرۆشتنی دەرمانی کشتوکاڵی لەسەر ڕێگای هەولێر- گوێر و لە میانەی ئەو پشکنین و بەدواداچوونەدا بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی دەگیرێتەبەر.

کۆگا و دوکانی داخران و دەستیش گیرا بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی قڕکەری کیمیاوی و بەپێی یاساش سەرپێچیکاران ڕێککاری یاساییان لەبەرامبەردا

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/30 ژمارە (5683)
خەبات

تا ئێستا 3 هەزار و 349 کەس لە دەست داعش رزگار کراون



بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند: توانیویانە 2 کەسی دیکەی کوردی ئێزدی لە چنگ تیرۆریستانی داعش رزگار بکەن.

حوسێن قایدی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، لەم مانگەدا توانیمان زیاتر لە20 کەس لە دەست داعش رزگار بکەین، کە بۆ ماوەی 4 ساڵ لە چنگ تیرۆریستانی داعشدا بوون.

قایدی گوتیشی: ئەو2 کەسەی کە دوێنێ سێشەممە رزگارمان کردون، خەڵکی ناوچەکانی تل بەنات و سکێنێیێ سەر بە قەزای شنگال بوون، کە لە 2014/8/3ـدا کەوتبوونە دەست داعش.

لە بارەی دوائاماری رزگارکراوەکانیشەوە گوتی: لە کۆی 6 هەزار و 417 کەسی رفێنراو، توانیویانە 3 هەزار و 349 کەس رزگار بکەن و بەردەوامیش دەبن لە رزگارکردنی هەموو ئەوانەی لە دەست داعشدا ماون.

بەرپرسی لقی 11 چین و تویژەکان بەسەر دەکاتەوە



دوێنێ دووشەممە 2019/1/28 پەخشان زەنگنە ئەمیندارای گشتی ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان بە ئامادەبوونی فلۆرین گۆرگیس سیتودین بەڕێوەبەری گشتی دیوان و دلێر ئیبراهیم بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکان، پێشوازییان لە شاندێکی کەنەدا کرد، کە پێکهاتبوو لە سوزان برازێر بەرپرسی بەشی گەشەپێدانی مرۆیی لە بالۆێزخانەی کەنەدا لە عێراق و نانسی بێرگیرۆن بەڕێوەبەری نووسینگەی بالۆێزخانەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان و بژار محەمەد بەرپرسی پرۆگرامەکانی پەرەپێدان لە نووسینگەی هەردان و بەسەرکردنەوانەدا بەرپرسی لقی11ی پارتیمان جەختی لەسەر گرنگی سەردان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆلای چین و تویژەکان کردەوە. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی لقی 11ی پارتی پێشوازیکرد لە سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی رێکخراوی شنەبای خاک بۆ رۆشنبیری و مرۆیی. لە دیدارێکدا باس لە گرنگیی چالاکی و هەوڵدان لەبواری رۆشنبیری و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی لاوان کرا.

کەنەدا و ئەنجومەنی بالای خانمان لە بواری گەشەپێدانی ئافرەتان هەماهەنگی دەکەن



بەرامبەریشدا خاتوو پەخشان زەنگنە هاوکاری و پاڵپشتی حکومەتی کەنەدای بە گرینگ و پێویستزانی بۆ سەرخستنی چالاکییەکانی ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان و ستراتیژ و بەرنامەکانی ئەنجومەن بۆ ساڵی نوێ و بەتایبەتیش بواڕەکانی گەشەپێدانی ئابووری و هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدان و بوژانەوەی کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا پرسی گەشەپێدانی توانای دادوەرو یاساناسانی بواری مافەکانی ژنان خرایە بەرباس.

بالۆێزخانەکە لە هەرێم شاندی بالۆێزخانەی کەنەدا لە عێراق ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان و توانا سازی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە میانی پرۆگرامی چالاکییەکانیان بۆ ساڵی 2019 هەروەها دەستخۆشیان لە هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانی ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان کرد لە بواری توانا سازی و گەشەپێدانی ژنان لە بواری ئابووری و کارکردندا. لە بارەگای لق بەرپرسی لقی11 کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ کادران و ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی سنوورەکە ئەنجامدا. هەمان رۆژ بەرپرسی لقی11 پێشوازیکرد لە سەرۆک و ئەندامانی رێکخراوی شنەبای خاک بۆ رۆشنبیری و مرۆیی. لە دیدارێکدا باس لە گرنگیی چالاکی و هەوڵدان لەبواری رۆشنبیری و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی لاوان کرا.

ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم: زیاتر لە 5 هەزار کارگە و 21 هەزار کۆمپانیا لە کوردستان کاردەکەن

خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم ڕوونیکردەوە: بۆئەوەی کاری بازرگانی زیاتر لە کوردستان گەشە بکات، حکومەتی هەرێم هەمیشە کارئاسانی تەواوی بۆ سەرجەم بازرگانان کردووە و وەزارەتی بازرگانیش هاوکاری بازرگانانی کردووە و لەماوەی ئەو چەند ساڵانەی قەیرانی دارایی کاری چەند کارگەیەک لاوازبوو، بەڵام وا خەریکە کارگەکان دووبارە دەکەونەخۆ بۆ ئەوەی لە جاران باشتر کاری بازرگانی ئەنجام بدەن بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کارگەکان زیاتر لە 40 هەزار هەلی کارکردنیان ڕەخساندووە بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ و ژمارەی ئەو کارگانەی کە لە لایەن بیانییەکانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن، بریتیە لە15 کارگەی جۆراوجۆر و لە کاتی قەیراندا زۆربەی کارگەکان پەکیان کەوتبوو، لە ساڵەکانی 2015 و2016 و 2017 ژمارەیەکی زۆری ئەو کارگانە داخرابوون لە ئێستادا 60% ئەو کارگانە کەوتوونەتەوە کارکردن و بەشێکی زۆری ئەو کارگانە خۆمالێن و بۆ بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم کاردەکەن، وەک کارگەی شیش و چیمەنتۆی کوردستان ڕۆڵی کارایان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پێداویستی ناوخۆ پر دەکەنەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بنەماڵەی بەڕێزی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی ناودار، سەعید یەحیا خەتات

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا سەعید یەحیا خەتات-مان پێگەشت.

کۆچکردوو نووسەر و وەرگێڕ و خۆشنووس و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری گەلەکەمان بوو، کە جێپەنجەی لەڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەخشانە.

بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-وە سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵە بەڕێزەکەتان و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خوازیارین ئەمە دوا کۆست و خەمی هەموو لایەک بێت و ڕۆحی مامۆستا شاد بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

***

بۆ خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامە نووس مامۆستا سەعید یەحیا

بەداخەوە پەژارەیەکی بێ هاوتا، مەرگی ناوادەی کتوپڕی مامۆستا سەعید یەحیامان بەرگوێ کەوت و بەڕستی هەواڵەکە تاساندمانی، بەوەی ئەدیبێکی بەتوانا و وەرگێڕێکی بێ هاوتا و زمانێکی کەم وێنە و هونەرمەندێکی بێ وێنەی بواری خۆشنووسی و موزیک و نیگارکێشمان لەدەست چوو، کاک سەعید کوردێکی تا سەر ئێسقان کوردپەروەر و خەباتگێڕ بوو، یەکێک بوو لەوانەی زۆربەکڕی و زۆر بەچڕی کاری دەکرد، ڕۆژنامە نووسێکی زۆر بەهرەداربوو، یەکێک بوو لەگۆشە نووسە دەستڕەنگینەکان، لەبواری تەکنەلۆژیاش کەشێکی زۆر بەتوانابوو. بەڕاستی لەدەستدانی ئەو کەلەپیاوە خەسارەتێکی گەورە بوو، بۆیە بەناوی سەرجەم ئەندامانی لقەکەمان پرسەو سەرەخۆشی لەخۆمان و خانەوادەکەی دەکەین و لەخواری مەزنیش دەپاڕێینەوە بەبەهەشتی بەرینی خۆی بسپێریت و ئارامی بەهەموو لایەکمان ببەخشێ و خودا یارو یاوەری هەموو لایەکمان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

لقی هەولێری
یەکێتی نووسەرانی کورد

بارهەڵگرێک کۆتایی بە ژیانی قوتابییەک هێنا



خەبات- ئالان شەهاب: دڵشاد محەمەد بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی هاتووچۆی قەزای شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە سەر ڕێگای سەرەکی لە نێوان شێخان و کومەڵگای چرە، بارهەڵگرێک لە جۆری تریلە، خۆی لە دوو کەس دا و لە ئەنجامدا کەسێک بە ناوی سەفوان شەعبان، گیانی لە دەست دا و کەسێکی تر بریندار بوو، و بۆ نەخوشخانەی گشتی شێخان گوازرایەوە. تەرمی ئەو کەسەی گیانی لە دەست دا بۆ پزیشکی داد لە پارێزگای دهۆک ڕەوانە کرا. و شۆفێری بارهەلگرەکە خۆی ڕادەستی پۆلیسی کۆمەلگای چرەی سەر ب قەزای شێخان کرد و دەست بەسەر کرا.

هەروەها گوتی: ئەو کەسەی گیانی لە دەست داوە لە پۆلی 10ی ئامادەیی لە بەشی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی چرەی کوران قوتابییە.

هەڵەبجە ژنێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

سیشەممە 2019/1/29 لە شاری هەڵەبجە ژنێکی تەمەن 40 ساڵ خۆی خنکاند و پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجەش سەبارەت بەو ڕووداوە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە. ڕائید بارزان عوسمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: سەرلەبەیانیی سێشەممە، لە گەڕەکی مامۆستایانی هەڵەبجە، ژنێکی تەمەن 40 ساڵ بەناوی ن.ت.م کە پیشەی ژنی ماڵەوە بووە، خۆی خۆی خنکاندووە. گوتیشی: تیمی پۆلیس و بەلگەی تاوان لە شوێنی ڕووداوەکە لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی دەست پێکردووە و تەرمەکەشی ڕەوانەی پزیشکی داد کراوە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕیک خراوە.

لە دوو قەزاو و دوو شارۆچکە بارانبارین گەیشتە سەروو 1000 ملیم

بەهۆی دوایین شەپۆلی بارانبارین لە 36 کاژێری ڕابردوودا لە 16 شارۆچکە و قەزای کوردستان، سەروو100 ملیم باران باریوە و زۆرترین بارانیش لە قەزای دەربەندیخان و شارۆچکەکانی بجیل و دینارتە بووە. فازڵ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندوە: لە دوو قەزا و دوو شارۆچکەی کوردستان، بارانبارینی ئەمساڵ گەیشتۆتە سەروو 1000 ملیم، لە قەزای میرگەسۆری هەولێر 1365.4 ملیم و لە قەزای پێنجوێنی سلێمانی1051.7 ملیم باران باریوە، لە شارۆچکەی دینارتە1158.0 ملیم و لە شارۆچکەی بجیلی دهۆکیش 1014.9 ملیم باران باریوە. بارانبارین لە شارەکان تاوەکو 2019/1/29 بەوجۆرە بووە: سلێمانی 668.5 ملیم، دهۆک 635.3 ملیم، هەڵەبجە 602 ملیم، هەولێر 482.1 ملیم، کەرکووک 290.3 ملیم. ساڵی ڕابردوو تاوەکو 2018/1/29 بارانبارین لە شارەکان بەوجۆرە بووە: سلێمانی 208ملیم، هەڵەبجە 152.8 ملیم، هەولێر 110.7 ملیم، دهۆک 136.1 ملیم، کەرکووک 51.4 ملیم. کۆی گشتی بارانبارینی هەموو ساڵی ڕابردووش لە شارەکان بەم جۆرە بووە: سلێمانی 836.6 ملیم، هەڵەبجە 535.6 ملیم، دهۆک 520.7 ملیم، هەولێر 437.6 ملیم، کەرکووک 279.5 ملیم. بەهۆی دوایین شەپۆلی بارانبارین کە هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، لە چەند ناوچەیەک لافاو دروستبوو.



حەشدی شەعبی بۆتە هۆی کێشە بۆ شوفێران

خەبات- ئالان شەهاب: سەرۆکی لیژنەی سەندیکای کریکارانی کوردستان لە قەزای شێخان بە ڕۆژنامە خەباتی ڕاگەیاند: قەزای شێخان تا ئێستا هیچ هێلیکی گواستنەوەی هاوواڵاتییانی لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان نییە، تەنها هەندێک نووسینگەی تایبەت هەن، کە هی هاوواڵاتییانن کە فەرمی نین و تا ئێستا هیچ نووسینگەیەکی گواستنەوەی هاوواڵاتییان لە نێوان موسل و قەزای شێخان نەکراوەتەوە. سەدیق حاجی سەرۆکی لیژنەی سەندیکای کرێکارانی کوردستان لە قەزای شێخان گوتی: حەشدی شەعبی کێشەی زۆر بۆ ئەو شۆفێرانە دورست دەکات کە کاری گواستنەوەی هاوواڵاتییان لە نێوان موسل و شێخان دەکەن، چونکە لە خاڵەکانی پشکنین ڕێنمایی زۆریان دەکردوە کە دەبێت ئۆتۆمبێلەکانیان لە سەر ناوی خۆیان بێت، بۆیە بەهۆی ئەم ڕێنماییانەی حەشدی شەعبی زۆربەی شۆفێران دەستبەرداری کاری گواستنەوەی هاوواڵاتییان لە نێوان موسل و شێخان بوونە. جێی ئاماژەیە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە شێخان کاری گواستنەوەی هاوواڵاتییان دەکەن هەمووی ئۆتۆمبێلی تایبەتن و لە ناو سەنتەری شارۆچکەی شێخان یان لە چوارڕیانی شێخان ڕادەوەستن و لە بەرنەبوونی هیچ هێلێکی فەرمی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کاری گواستنەوەی هاوواڵاتییان دەکەن لە شێخان 80 ئۆتۆمبێلن کە ڕۆژانە ئەم تەکسییانە لە بەر نەبوونی هێلی گواستنەوە لە شێخان سەردانی دهۆک دەکەن بۆ کاری گواستنەوەی هاوواڵاتییان و هەندێک لەو شۆفێرانە کاری گواستنەوە قوتابیان و فەرمانبەرانیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە کە بە ئیشتراکی مانگانە دەیانگەیێننە سەر کاری خۆیان.

لە هەولێر دەست بەسەر 48 تەرازووی کێشکردندا گیرا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەنوەر کەمال کارگێری لیژنە بەدواداچوونی بازاڕ هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: بەپڕیاری قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لە هەڵمەتێکدا لە ناوشاری هەولێر و لە بازاڕی شێخەڵلای هەولێر، توانرا دەست بەسەر48 تەرازووی کێشکردندا بگیرێت، کە دەستکاری کرابوون. ئەو هەڵمەتەش دوای گلەیی و گازندەی هاوواڵاتییان بوو، کە ئاڕاستەی قایمقامییەتی هەولێر کرابوو، بۆیە لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرا و بریتی بوو لە چاودێری بازرگانی و شارەوانی یەک و بەشی پۆلیسی شارەوانی، بۆ بەدواداچوون لەو کێشەیە و ڕێککاری یاسایی لەبەرامبەر سەرپێچیکاران گیرایەبەر و بەدواداچوون بۆ تەرازوو بەردەوامی هەیە.

ئەوانەی شاخەوانی دەکەن لە نەخۆشییە دریژخایەنەکان دوورن و دەروونێکی ئارامیان هەیە

ئاری قادر رەباتی: ئەو کەسانەی کە نەخۆشی (دڵ یان سی)یەکانیان هەیە نابێت گەشتی گران و سەخت ئەنجام بدەن و دەبێت پرس بەپزیشکی شارەزا بکەن

پێویستە ئەندامانی گرووپەکان بەتایبەت سەرپەرشتیار و رێبەری گەشت شارەزایی تەواویان هەبێت لەفریاگوزاری سەرەتایی و چارەسەر کردنی کاتیدا







دیمانە:بەرهەم شێخ عزەدین

شاخەوانیی یەکێکە لەو وەرزشە جیهانییانەی کە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بایەخێکی زۆری پێدەدەن لە زۆرێک لەو وڵاتانە هەر لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە قوتابیان و خوێندکاران ئاشنا ئەکەن بەم وەرزشە وەک وانەی وەرزش دەخوێنرێت، لە زۆر شوێنی تریش فیترگە و شوێنی تایبەت بۆ ئارەزوومەندانی وەرزشی شاخەوانی کراوەتەوە و مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت، مەبەستی ئاشنابوون بە میژوو و سوودی شاخەوانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز (ئاری قادر ڕەباتی) ئەندامی دەستەی کارگێڕی و کامیرامانی گرووپی شاخەوانی زاگرۆس لە شاری سلێمانی ئەنجامدا و بەڕێزیان بەم شێوەیە شرۆڤەی بۆ پرسیارەکانی (خەبات) کرد.

*** گرووپی شاخەوانی زاگرۆس کەی و چۆن دروستبوون؟**

- ئێمە وەک گرووپی شاخەوانی زاگرۆس گرووپێکی خۆبەخشی قازانج نەویستی ژینگە دۆستی شاری سلێمانین و لەلایەن چەند ئارەزوومەندێکی تایبەت بەم وەرزشە (گرووپی شاخەوانی لاوان) کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بە (گرووپی شاخەوانی زاگرۆس) لە ساڵی 2014 دروستکراوە تاکو ئێستا زیاتر لە 100گەشتی فراوان و تایبەت و شەو مانەوەی بۆ لوتکە بەرزەکانی کوردستان وەک لوتکەی (هەڵگورد و پیرەمەگروون) ئەنجامداوە و گەشتی بۆ زۆربەی شاخ و لوتکە و شوێنەواڕە دوورەدەستەکانی کوردستان کردووە تا ئێستاش بەردەوامە، شایانی باسە بۆ یادی ڕۆژی جیهانی شاخ لە بەروارى 11/12/2018بە فەرمی لە لایەن فیدراسیۆنی شاخەوانیی کوردستان مۆڵەتی فەرمی بەگرووپی زاگرۆس بەخشراوە.

*** ئامانجی گرووپەکەتان چیە؟**

- ئامانجی گرووپەکەمان بایەخدان و بڵاوبوونەوەی زیاتر و گرنگیدان بە وەرزشی شاخەوانیی لە کوردستان و بەرەوپێشبردنی وەرزشی شاخەوانی و بە ئەکادیمیکردنی ئەم جۆرە وەرزشە و کردنەوەی خول و ڕاهێنانی جۆراوجۆر بە سەرپەرشتی ڕاهێنەر و فیترکەری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، بە کەلتوورکردنی وەرزشی شاخەوانیی لە کوردستان، ناشناکردنی چیا و بە نەوەی نوێ و داهاتوو ناساندنی کەلتوور و سروشتی جوانی کوردستان بە جیهانی دەرەوە و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکانی کوردستان.

*** میژووی شاخەوانیی لە کوردستان بۆکەی دەگەڕێتەوە؟**

- لە باشووری کوردستان میژوویێکی زۆر دێرینی نییە پێشتر چەندین کەس هەبووە چۆتە شاخ و ئارەزوومەندی ئەم وەرزشە بووە، بەڵام بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ڕێکنەخراو واتە لە شێوەی گرووپ و کۆمەڵەی شاخەوانیی نەبووە خۆشبەختانە لە دوای ساڵی 2010بە دواوە ئەم وەرزشە لە کوردستان پەرەی سەندووە و زۆر گرووپ و کۆمەڵە و دەستەی شاخەوانیی پێکهێنراون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو زیاتر دەڕۆن و خەڵک ئارەزوویان بۆ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و بیروڕا، خەڵک بە گشتی بەشداری دەکەن نەتەوە یەکگرتووەکان 12 / 11 / 2012ی بە ڕۆژی جیهانی شاخ ناساندووە و لە بەروارى 12 /11ی هەموو ساڵێک بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە لە جیهان بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، ئەو ڕۆژە چەندین چالاکی شاخەوانیی و ژینگەیی تێدا ئەنجامدەدرێت، لەلایەن دەستە و گرووپ و ئارەزوومەندانی ئەم بواره لە یابان ئەم ڕۆژە کراوەتە پشووی فەرمی.

*** سوودەکانی شاخەوانیی چین؟**

- شاخەوانیی سوودی زۆری هەیە لەوانە: دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگی و بیرکردنەوەی خراپ ناهێڵێت، چونکە سەڵێنراوە کات بە سەربردن لەگەڵ سروشتدا ڕێژەی بیرکردنەوەی خراپ کەمدەکاتەوە، پتەوبوونی شاخ و بەرزایی و شوێنەوارە میژوویی و کەلەپوورییەکان، ئەوانەی ئەم وەرزشەیان کردۆتە بەرنامەی هەمیشەییان دوور دەکەوتەوە لە نەخۆشییە دریژخایەنەکان . ئەم وەرزشە تێچوونێکی کەمی تێدەچێت و لە هەموو تەمەنەکان بێ جیاوازی جێندەری دەتوانن بەشداری بکەن و لە کوردستان لە ڕێگەی گرووپە شاخەوانییەکانەوە کلتوور و سروشتی جوانی نیشتمان بە جیهان و دەرەوە ناسێنراوە و هەوڵی ڕاکێشانی گەشتیاران دەدرێت بۆ ناوچە دڵڕفێنەکان.

*** ئەوەی دەبێت شاخەوان نەیکات چییە؟**

پێشتر پێویستە ئاگاداری ئەو کەسانە بین کە چ جۆرە نەخۆشییەکیان هەیە، خۆیان قسە لە سەر جۆری نەخۆشییەکەیان ئێستا بۆئەوەی بەرپرسی گرووپ یان ڕێبەری گەشتەکە لەگەڵ نەخوازراو نەبن بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی (دڵ یان سی) یەکانیان هەیە نابێت گەشتی گران و سەخت ئەنجامبدەن و دەبێت پرس بە پزیشکی شارەزا بکەن لەو بوارەدا و ڕێنمایی پێویست وەربگرن.

*** گرنگە پزیشکتان لەگەڵ بێت لە کاتی گەشتدا؟**

زۆر باشترە لە کاتی ئەنجامدانی گەشتەکاندا بە تایبەت ئەو گەشتانەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و زیاتر دەخایەنێت پزیشکێک یان یاریدەدەرێکی پزیشک بەشدار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ گرووپەکان، یان کردنەوەی خولی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ئەندامانی گرووپەکان بە تایبەت سەرپەرشتیار و ڕێبەری گەشت پێویستە شارەزایی تەواوی هەبێت لە فریاگوزاری سەرەتایی و چارەسەرکردنی کاتیدا.

هەشت ڕێنمایی گرنگ بۆ دروست بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان



هەردەوان:

تەکنەلۆجیا وەک دەڵێن دونیای کردووە بە گوندێکی بچووک و کلتوور و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وزانیاری نێوان جوگرافیا جۆربەجۆرەکانی خستۆتە نێو ئالوگۆڕێکی ئاسانەوە ،تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بوونەتە نێوەندێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، لەم بابەتەدا باس لە هەندێک ئەتەکێتی بەکارهێنانی دەکەین:

یەکەم: پلەی گەرمای ئەو هاوینەهەوارانەی گەشتی بۆ دەکەی لەسەر ئەو وێنانە مەنووسە کە لە پۆستەکانتدا بڵاوی دەکەیتەوە لە جیاتی ئەوە هەوڵ بدە کورتەیەک لەسەر ئەو هاوینەهەواڕە لە پۆستەکەتدا باس بکەیت.

دووەم: لەگەڵ بڕادەرەکەت مەکەوە گفتوگۆکردن لە بارەی باسێکەوە کە تایبەتە تەنها بەو دووانەتان لەژێر پۆست یان وێنەی هاوڕێیەکی دیکەتان ، نامەی تایبەت هەیە لەوێ دەتوانی گفتوگۆی بکەی.

سێیەم: هاوڕێیانت لە وێنەی خراپ و ناشرین تاگ مەکە چوارەم: لە کاتی نووسین بە ئینگلیزی ، بە پیتی کاپیتاڵ مەنووسە چوونکە وەک هاوار کردن دەردەکەوێت

پێنجەم: هاشتاگی زۆر مەنووسە لەژێر پۆستەکانت ، چونکە ئەمە وا لە پۆستەکەت دەکات وەک پۆستێکی بێ سەروبەر دەربکەوێت

شەشەم: لە سێ وێنە یان بەلایەنی زۆرەوە لە پێنج وێنە زیاتر لە ئینستاگرام پۆست مەکە ئەگەر گەشتت کرد بۆ شوێنێک

حەوتەم: کاتێک داوای هاوڕێیەتی بۆ کەسێک دەنێریت وا باشترە خۆت بناسێنیت و هۆکاری داواکردنەکەت ڕوون بکەیتەوە.

هەشتەم: وێنەی خواردن بلاو مەکەرەوە چوونکە ئێستا پۆست کردنی وێنەی خواردن بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە ئامرازێکی گالتە جاڕی، تەنها لە دوو بارودۆخدا وێنەی خواردن بلاوبکەنەوە ، یەک ئەگەر خۆت خواردنەکەت ئامادەکردبوو و ناو و جۆری کەرەستەکانیشت لەگەڵ نووسیبوو، دوو ئەگەر بەسەرهاتێک یان ڕووداوێک پەیوەندی بە خواردنەکەوە . هەبێت.

پەروەردە و تەندروستی پێنجوێن کێشەی کەمی میلاکیان هەیە

قایمقامی پێنجوێن بۆ خەبات: بەهۆی قەیرانی دارایییەوە بایی 20 ملیار دینار پڕۆژەمان ڕاگیراوە

لەبەر دابینەنەکردنی سوتەمەنی خەڵکی دەستیان بە داربڕینەوە کردووە



گفتوگۆی: عەلی بانیشاری

قایمقامی پێنجوێن دەڵێ: سالانە دانیشتووانی قەزاکە پێویستیان بە چوار بەرمیل نەوتە، بەڵام ئەمسال حکوومەت تەنها یەک بەرمیلی دابەشکردووە. دەشڵێت: بڕیوونەوەی دار لە پێنجوێن زیادیکردووە. زانا ڕەحمان لە گفتوگۆیەیدا لەگەڵ(خەبات) لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە قەزای پێنجوێن دەدوێت. ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات سەرجەم پڕۆژەکانی قەزاکە ڕاگیراون. لەبارەی زێدەڕۆییەکانیشەوە دەڵێت: لەنێو سنوری شارەوانی کەمترین کێشەی زێدەڕۆییەکان زیاتر لە شوێنە سەخەری و دارستانەکان و زەویبە کشتوکاڵیەکان. پێنجوێن چوار بەرمیل نەوتی پێویستە.

زانا ڕەحمان قایمقامی پێنجوێن دەڵێ" دانیشتوانی پێنجوێن ئەمسال یەک بەرمیل نەوتیان وەرگرتووە، ئەوەیش لە ئاست پێویستی دانیشتوانی ناوچەکەدا نییە". دەشڵێت" هەر مالێکی پێنجوێن سالانە بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە چوار بەرمیل نەوتە، چونکە ساردترین ناوچەی باشووری کوردستانە و ئەمسال پلەکانی گەرما ڕۆژ هەبووە گەیشتووەتە 13پلە ژێر سفری سەدی". گوتیشی" بەداخەوە حکوومەت ساردی ناوچەی پێنجوێنی لە دابینکردنی سوتەمەنیدا لەبەرچاو نەگرتووە، سێ ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەوەی کە پێی دەگوترێت نەوتی پاڵپشتی بۆ مالان دابینی نەکردووە". زانا ڕەحمان ئەوەشی گوت" پێشتر حکوومەت ساڵانە 2-3 بەرمیل نەوتی بە دانیشتوانی پێنجوێنی داوە".

هاوڵاتیان داری داستانەکان دەبڕنەوە

بەوتەی قایمقامی پێنجوێن دابینەنەکردنی سوتەمەنی پێویست وایکردووە هاوڵاتیانی ناوچەکە بەناچاری پەنا بۆ بڕینەوەی داری دارستانەکان ببەن.

زانا ڕەحمان هەروەها گوتیشی" بێگومان بڕینەوەی دار کاریگەری لەسەر خرابی لەسەر ژینگەی ناوچەکە لە داهاتوودا دەبێت. هەروەها دەشڵێت" حکوومەتی هەرێم پارەیەکی زۆر خەرج دەکات تا ڕووبەرێک لە دار دەچێنێت، بەڵام خەڵکی بەدەستی خۆیان داڕە سروشتییەکان دەبڕنەوە و دەی سوتێنن". قایمقامی پێنجوێن خەجت لەوەش دەکاتەوە لەبەر گرنگی ژیانی خەڵکی و دابیننەکردنی نەوت ناتوانرێت ڕێگری لە بڕینەوەی دار بکرێت. زانا ڕەحمان دەڵێ" ژیانی تاکە کەسێکیش گرنگترە لە ژیانی داریک".



پەروەردە و تەندروستی گرفتی کەمی میلاکیان هەیە

قایمقامی پێنجوێن ئاماژە بەوە دەکات بەشێکی زۆری ئەو مامۆستانەی لە پێنجوێن خزمەت دەکەن لە دەرەوەی شار هاتوون، پاش تەواوبوونی خزمەتیان لە قەزاکە ڕاژەکانیان دەگوازنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هەر ئەوەیش وایکردووە گرفتی کەمی میلاک لە قوتابخانەکانی سنورەکەدا دروست بێت. زانا ڕەحمان دەڵێت" وەزارەتی پەروەردە بۆ چارەسەرکردنی کەمی میلاکات مامۆستا وانەبێژی دانا، بەڵام وانەبێژی ئەزموونی کەمە و ڕەنگە نەتوانێت وەکو پێویست شوێنگرەوەی مامۆستایەک بێت کە چەندین ساڵە ئەزموونی هەیە". قایمقامی پێنجوێن دەشڵێت" لە بواری تەندروستیشدا بەشێک کێشەی کەمی میلاکی کارمەندمان هەیە".

بەشێک لە قوتابخانەی گوندەکان داخراون

لەبارەی ڕەوشی پەروەردەی گوندەکان؟ زانا ڕەحمان دەڵێ" بەداخەوە تائێستا بەشێک لە گوندەکانی قەزای پێنجوێن قوتابخانەیان نییە". دەشڵێت" هەندێک لە قوتابخانەی گوندەکان بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە داخراون، ئەوەیش بووەتە هۆی نیگەرانی ئێمە و دانیشتوانی ئەو گوندانە". قایمقامی پێنجوێن باسلەوەش دەکات هێشتا گوند هەیە قوتابخانەی گلە. زانا ڕەحمان دەڵێ" ئومێد دەکەین دوای قەیرانی دارایی حکوومەتی هەرێم ئاوڕی جدی لە پێنجوێن و گوندەکان بداتەوە و کێشە پەروەردەیی و تەندروستیەکان و ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوری قەزاکە کە زۆربەیان گلن چارەسەر بکرێن".

گرفتی زێدەڕۆیی لە پێنجوێن

زانا ڕەحمان دەڵێت" ئێمە بەدەرنین لە زێدەڕۆیی بۆ سەر مال و مولکی گشتی". دەشڵێت" لەدوای ڕاپەڕینەوە زێدەڕۆیی هەبووە، بەشێکی پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، بەشێوەیەک خەڵکی زەویبەکان بە مولکی خۆیان زانیووە و دەڵێن لە باو باپیرانمانەوە گوندەکانی قەزای پێنجوێن قوتابخانەیان نییە". دەشڵێت" هەندێک لە قوتابخانەی گوندەکان بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە داخراون، ئەوەیش بووەتە هۆی نیگەرانی ئێمە و دانیشتوانی ئەو گوندانە". قایمقامی پێنجوێن باسلەوەش دەکات هێشتا گوند هەیە قوتابخانەی گلە. زانا ڕەحمان دەڵێ" ئومێد دەکەین دوای قەیرانی دارایی حکوومەتی هەرێم ئاوڕی جدی لە پێنجوێن و گوندەکان بداتەوە و کێشە پەروەردەیی و تەندروستیەکان و ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوری قەزاکە کە زۆربەیان گلن چارەسەر بکرێن".

گرفتی زێدەڕۆیی لە پێنجوێن

زانا ڕەحمان دەڵێت" ئێمە بەدەرنین لە زێدەڕۆیی بۆ سەر مال و مولکی گشتی". دەشڵێت" لەدوای ڕاپەڕینەوە زێدەڕۆیی هەبووە، بەشێکی پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، بەشێوەیەک خەڵکی زەویبەکان بە مولکی خۆیان زانیووە و دەڵێن لە باو باپیرانمانەوە گۆڕانکاری بەسەدا هاتووە.

ڕێگاوبان وەکو پێویست نییە و پڕۆژەکان ڕاگیراون

سەبارەت بە ڕێگاوبانی پێنجوێن؟ زانا ڕەحمان دەڵێ" سەرەڕایی ئەوەی دوو خاڵی بۆمان ماوەتەوە لەناو باخەکانیاندا خانوویان دروستکردووە، بەشێکی تریشی پەیوەندی بە حکوومەتەوە هەیە، بەشێوەیەک حکوومەت نەیتوانیووە سوود لەو زەویبە سەخەریانە وەربگرێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان بیدات بە خەڵکی و بیکەن بە باخ". قایمقامی پێنجوێن گوتیشی" لەنێو سنوری شارەوانی کەمترین کێشەی زێدەڕۆیی هەیە". هەروەها ئەوەشی گوت" زێدەڕۆییەکان زیاتر لە شوێنە سەخەری و دارستانەکان لەگەڵ زەوی کشتوکاڵی". زانا ڕەحمان پێشی وایە زێدەڕۆییەکان کەڵەکەبوون و لێپرسینەوەکان وەکو پێویست نەبوون، ڕێنماییەکان هەر سالە پێویست نین و یەک سایدن، زۆر بە کەمی هێمای هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان دەبینرێت". دەشڵێت" چەندین جار داوامانکردووە لەو ڕووانەوە ئاوڕ لە پێنجوێن بدرێتەوە، سنوری سەر بە پێنجوێن، بەڵام ڕێگاوبانی ناوچەکە وەکو پێویست نین و یەک سایدن، زۆر بە کەمی هێمای هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان دەبینرێت". دەشڵێت" چەندین جار داوامانکردووە لەو ڕووانەوە ئاوڕ لە پێنجوێن بدرێتەوە، بەڵام تائێستا گرفتەکانمان بۆ چارەسەر نەکراوە، حکوومەت لە ئاست قوربانی و ئەو وێرانکارییانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە خزمەتی پڕۆژەکانیشەوە دەڵێت" لەبارەی پێنجوێنی نەکردووە". لەبارەی پڕۆژەکانیشەوە قایمقامی پێنجوێن گوتی" سەرجەم پڕۆژەکانی سنوری قەزاکە ڕاگیراون چ ئەوانەی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە ئەنجامیان دەدان چ پڕۆژەکانی پترۆ دۆلار، بەڵام ئێستا سێ پڕۆژە کەوتوونەتەوە کار". بەوتەی زانا ڕەحمان سەرجەمی ئەو پڕۆژانەی ڕاگیراون بایی 20 ملیار دینارن.

کورتەیەک لەسەر پێنجوێن:
- 1958بووەتە قەزا.
- ژمارەی دانیشتوانەکەی 48 هەزار کەسە.
- لەڕووی کارگێڕییەوە 260 گوند لە سنوری قەزاکەدان.
- هەردوو ناحیەی گەرمک و نالپارێز سەر بە پێنجوێن.
- لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە.
- پێنجوێن ستجار خاپوور بووە.

دیاربەکر.. ئەو کۆترانەی هەمان نرخی ئۆتۆمبێل و خانوویان هەیە لە هۆتێلدا دەمێننەوە

خەبات: باکووری کوردستان

لە دیاربەکر ئەو کۆترانەی کە بە نرخی ئۆتۆمبیل و خانوو دەفرۆشرێن، بە هاوین لەژێر سپلیت و بە زستان لە ژووری گەرم و بە سۆپا لە "هۆتێلی کۆترەکان" دەمێننەوە. لە ساڵی 2014ەوە "هۆتێلی کۆتر" لە شارۆچکەی باغلار بۆ بەخێوکردنی کۆترەکانی ئارەزوومەندانی کۆتر، دروستکراوە و سەرەتا لە ڕێگەی تەنها بینایەکەوە خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکرد، بە هۆی ئەوەی داواکاریی زۆری لەسەربوو، لەئێستادا لە سێ باڵەخانەدا خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکات.

هۆتێلەکە نزیکەی چوار هەزار کەپاری هەیە و نرخی کۆترەکانیان کە لە جۆرە جیاوازەکانن لە هەزار لیرەوە دەست پێ دەکات تا 100 هەزار لیرە. لە 100ژوور پێکهاتووە و خاوەنی کۆترەکان مانگانە لە 500لیرەوە تا 750لیرە کرێ دەدەنە شوقەیەک و هەزاران لیرە خەرج دەکەن بۆ ئەوەی کۆترەکان لە کەشێکی خوازراودا بژین.

کۆترەکان بە فستق و بادەم و چەندین جۆر خواردن بەخێودەکرێن و بە بایەخەوە خاوەندارێتییان دەکرێت و لە هاویندا لەژێر سپلیت و بە زستانیش سۆپایان بۆ دادەگیرسێندرێت.

هەفتەی ڕۆژێک لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە کە لە هۆتێلەکە ڕێکدەخرێت، کۆترەکان ڕەوانەی شارەکانی دیکەی تورکیا و هەرێمەک لە فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، سعوودیە و ئیمارات دەکرێن.

بەڕێوەبەری هۆتێلی کۆتر، محەمەد باتماز ڕایگەیاند کە لە یەکەم قۆناغدا لەگەڵ هاوڕێیانیدا لە بەشی سەرەوەی باڵەخانەدا دیزاینێکیان کردووە و بۆ شەیدایانی کۆتریان کردووەتەوە، پاشان بە هۆی زیادبوونی خواستەوە بینایەکیان بەکرێ گرتووە.


محەمەد باتماز باسی لەوە کرد کە بەتێپەڕبوونی کات بینایەک وەلامی داخوازییەکانی نەداوەتەوە، لەبەرئەوە دوو بینای دیکەی تەنیشت ئەو بینایەیان بەکرێ گرتووە و گوتی: "وەک چۆن خەڵکی لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەییدا ژوور دەگرن، شەیدایانی کۆتریش دێن و لیرە ژوور دەگرن، 30-40هەزار لیرە خەرج دەکەن و ناوەکەی ڕێکدەخەن. کۆترەکان خواردنی کوالیتیان پێدەدرێت و بە دەرمان چارەسەر دەکرێن".

بەڕێوەبەری هۆتێلی کۆتر، محەمەد باتماز باسی لەوە کرد کە باشترین جۆرەکانی کۆتر لە سێ بلۆکدا میوانداری دەکەن کە لە 100ژوور پێکهاتووە، بۆ ئەوەی توخمیان لەناونەچێت پارێزگاریان لێدەکرێت.

محەمەد باتماز باسی لەوە کرد کە هۆتێلەکە 24کامێرا بە سیستمی کامێرا و پاسەوان دەپارێزرێت و گوتی: "نرخی کۆترەکان لە نێوان هەزار لیرە بۆ 100هەزار لیرەیە. کۆتر هەناردەی زۆر وڵاتی وەک فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، سعوودیە و ئیمارات دەکەین. بانگهێشتی هەموو جوانەکان لە نرخی ئۆتۆمبێل و خانوو گرانترن".



www.xebat.net
چوار شەممە 2019/1/30 ژمارە (5683)







پوکانەوەی ئێسک..
ئەو نەخۆشییەی هەڕەشە لە ئافرەتان دەکات

ئا/ ژیلا کەریمی

پوکانەوەی ئێسک نەخۆشییەکی بەربڵاو و درێژخایەنە کە بە نەخۆشی شاراوە ناسراوە. هۆی ئەو ناولێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ئەو نەخۆشییە هیچ نیشانە و ئاگەدارکردنەوەیەکی نییە و لە قۆناغە سەرەتاییەکان هەر هەستی پێناکرێت تا ئەو کاتەی کە کاریگەرییەکانی دەگاتە ئازار و ئێش و گرنگترین کاریگەری شکانە. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کە شکانی ئێسک کاریگەرییەکانی جیدین و تەندروستی تاک دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆیە دەبێت زۆر زوو ئەو نەخۆشییە دەستنیشان بکرێت لە رێگەی تاقیکردنەوەی چڕی پێکهاتەی ئێسک تا بکرێت کاریگەرییەکانی کەمبکرێتەوە. پوکانی ئێسک هەرچەندە تایبەت بە ئافرەت نییە، بەڵام بە زۆری لە نێو ئافرەتاندا باوە و ئافرەتان پاش تەمەنی نائومێدی زیاتر لە ژێر هەڕەشەدان. ئامارەکان دەریدەخەن لە هەر سێ ئافرەت کە کەوتوونەتە تەمەنی نائومێدی یەکێکیان تووشی نەخۆشی پوکی ئێسک دەبێت لە حاڵێکدا لە هەر پێنج پیاو یەک پیاو تووش دەبێت.

بەگشتی 20لەسەدی بەسالاچوانی جیهان نەخۆشی پوکی ئێسکیان هەیە. تا تەمەنیش بەرەو سەرووتر دەچێت ئەو نەخۆشییە بەربڵاوتر دەبێت.

لە بارەی ئەوەیکە بۆ ئافرەتان تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن پسپۆڕان پێیانوایە کە گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان کە لە پاش تەمەنی نائومێدی رووەدات هۆکاری توشبونی ئافرەتانە، بەڵام هۆکارگەلی مەترسیداری دیکە وەک کەمی جۆلە، کەمی ڤیتامین دی و کالیسیۆم لە ئافرەتاندا بە نیسبەت پیاوان بەربڵاوی زیاتری هەیە.

هەڵبەت ئەو نەخۆشییە بە تاقیکردنەوەی چڕی ئێسقان بەدیاردەکەوێت، دەستنیشانکردنی زووی شکانیش گرنگی خۆی هەیە، چونکە گەر لە یەکەم شکان بە هۆی پوکی ئێسک نەخۆشییەکە نەناسرێت ئەگەری هەیە شکانی زیاتر و خراپتر ڕووبدات. ئەو شکانانەی هۆکارەکەی پوکی ئێسقانە بە گشتی لە مەچەکی دەست، فەقەرات و حەوز ڕووەدات و لە هەموویان مەترسیدارتر شکان لە حەوزە.

نەخۆشییەکە تا کاتی شکان هیچ نیشانەیەکی نییە و کەسی تووشبوو ئاگەداری نەخۆشییەکە نییە تا ئەو کاتەی شکان لە بەشێکی جەستە وەک حەوز ڕووەدات. کورتبوونەوەی بالا، زیان گەیشتن بە دەماری پشت و ئازاری درێژخایەن لە کاریگەرییەکانی شکانی موروو بە هۆی پوکی ئێسکن.

ئەگەرچی ئەو نەخۆشییە بە گشتی لە کەسانی بەتەمەن سەرهەڵدەدات، بەڵام بنەمای دەسپێکی نەخۆشییەکە لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی ڕوویداوە و پێوبستە ئەو بابەتە بە هەندوەربگیرێت.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئەمڕۆکە بە بەکارهێنانی چارەسەری نوێ تا ڕادەیەک ئەو نەخۆشییە چارەکراوە و چارەسەری کاریگەر دۆزراوەتەوە، بەڵام بەو هۆیەی کە چارەسەری پوکی ئێسک پێویستی بە کاتە هەندێ کەس لە نیوەی چارەسەرییەکە سستی دەکەن و ڕەوتی چارەسەرەکە وەپاش دەخەن یان هەر وازدەهێنن کە بەداخەوە قەرەبووکردنەوەی زەحمەتە.

پسپۆڕانی ئێسک نەخۆشەکان ئاگەدارەکەنەوە کە چارەسەری غەیری زانستی لە کەسانی ناشارەزا وەرنەگرن و پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن، چونکە هەر چارەسەرێک کە بێ ڕاوێژی پزیشک بەکار بێت نەک کاریگەری نابێت بەڵکو زیانیشی هەیە.

هۆکاری چاوڕشتنی ئافرەتان لە میسری کۆندا

ئا/ ڕووخۆش موعتەسەم

ئارایشی چاوی ئافرەتانی میسری کۆن هەردەم سەرنجڕاکێش و جێی پرسیار بووە کە ئایا شێوەی ڕشتنی چاو بەو تۆخییە بۆ چی دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئارایشکردنی چاو لە نێو میسرییەکان لە کەوندا بۆ جوانکاری نەبووە بەڵکو بە مەبەستی پاراستنی چاو لەو تیشکە خۆرە بەهێزەی سەحرا بووە تا پێش لە ئیلتیهاباتی چاو بگرێت. هەربۆیەش لە هەندێ سەردەم پیاوانیش ڕوویان لەو میکیاژە کردووە.



خوی ڕاگرتنی ئاژەڵە ماڵییەکان لای ئافرەت

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ئەمڕۆکە هەبوونی ئاژەڵی ماڵی بووەتە باو و ئافرەتانیش بە گشتی ڕوویان لەو خووە کردووە. تەنانەت ڕاگرتنی سەگ و هاومستەر و بەبەغا و توتی لای ئافرەتانی کوردیش دەبینرێت. بەڵام سەیرترین ئاژەڵ کە ئافرەت بەخێوی بکات بەورە. جانیس هالی ئافرەتیکی 57ساڵان خەڵکی فلۆریداری ئەمریکا دوو بەوری لە حەوشەی ماڵەکەی ڕادەگرێت کە لەگەڵیان وەک دوو بێچوو پشیلە هەڵسوکەوت دەکات. ماچیان دەکات و هەفتەی دووجار خواردنیان پیدەدات.



هۆکاری پیردەرکەوتنی ئافرەتان لە وەرزی زستاندا

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

گرووپێک لە پسپۆڕانی جوانکاری ڕایانگەیاندووە کە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان چاوی ئافرەتان پێنج ساڵ پیرتر لە وەرزەکانیتر دەردەکەوێت. لەو وەرزە بە هۆی کەمبوونەوەی تیشکی خۆر و گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان، ڤیتامین D یەکی کەمتر لە جەستەی ئافرەتدا دروست دەبێت و ئەوە هۆکارە بۆ ئەوەی ژێر چاوەکان ڕەشتر دەرکەون. دیسانەوە بە هۆی کەمبوونەوەی هێزی تیشکی خۆر، پێست لەو وەرزەدا سیپتر دەبێتەوە و ئەو هۆکارە ڕەشی ژێر چاوەکان زیاتر زەق دەکاتەوە. بەداخەوە نەهێشتنی ئەو پەڵانە و ئاوسانە ڕەشەکانی ژێر چاو زەحمەترە لە لابردنی چڕچ و لۆچی پێست و ئەوەش بووەتە هۆی نیگەرانی لای ئەو خانمانەی کە ئەو کێشەیەیان هەیە. لە ژێر چاو دەماری زۆر ورد هەیە کە جۆلەی خوێن لە ژێر پێست زیاد دەکەن و بە چەند هۆکارێکی تایبەت ئەو دەمارانە ڕەنگیان شین هەڵدەگەڕێت و شێوەیەکی وەک شینبوونەوە دروست دەکەن. لە زستاندا بە هۆی سپی هەڵگەڕانی پێست و کەمی ڤیتامیت Dئەو پەڵانە زیاتر دەبینرێن. بە شێوەیەکی گشتی 10لەسەدی ئافرەتان ئەو کێشەیەیان هەیە و زۆربەیان بە کرێمی ئارایشییەکان و میکیاجی تایبەت ئەو پەڵانە دادەپۆشن، بەڵام باشترین ڕێچارە ئەوەیە کە ئافرەتان هەوڵبدەن لە وەرزی زستان زیاتر بچنە بە تیشکی خۆر و ڤیتامین D بەکاربهێنن.



بەفەرمی و بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق
شەترەنج وەک وانەیەک لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکان دەخوێندرێت





ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

دوابەدوای بڕیاری وەزارەتی پەروەردە بە ژمارە 1352 لە 22-1-2019بەدانانی وەرزشی شەترەنج وەک پڕۆگرام لە سەرجەم پەیمانگا وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە بە پراکتیکی و سەرپەرشتی یانەی شەترەنجی خانزاد لە 27/1/2019کاری پێکرا و بەفەرمی لەسەرجەم شارەکان خولی فێربوونی گوتنەوەی وانەی شەترەنج دەستی پێکرد.

بە ئامادەبوونی د. کاوە عومەر بەڕێوەبەری گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و د. ڤیان حوسێن بەڕێوەبەری تۆێژینەوە و پشتیوان شێخ ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و مامۆستایانی پەیمانگە وەرزشییەکانی شاری هەولێر، یەکەمین وانەی فێربوونی شەترەنج لەلایەن د. دلزار حەمەسالح گوترایەوە، لە دەستپێکی ئەو ڕێوڕەسمەشدا بەڕێوەبەری گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەوتەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەم هەنگاوە کرد و جەختی لە گرنگیی و سوودەکانی شەترەنج کردەوە لە ڕووی گەشەکردن و بەهێزکردنی بیر و هزری سەرجەم تاکەکان، هەروەها دەوری یاری شەترەنج لەبەرەو پێشبردن و دانانی پلان و بەرنامە بۆ داهاتووی خۆی و تەنانەت دەوروبەرەکەیشی، وە چۆنێتی مامەلە کردن لەگەل دروستبوونی کێشەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان بە مێشکێکی تەندروست، دواتر بەڕێزیان ئاماژەی بۆ ئامادەباشی وەزارەتی کرد لە ڕووی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە لە کردنەوەی وۆرک شۆپێک و ئێستاش بەسەرپەرشتی یانەی خانزاد لەسەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان فێربوونی وانەی شەترەنج گوترایەوە.

لەولاشەوە د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی خانزاد تیشکی زیاتری خستە سەر ئەم پڕۆژەیەو ڕایگەیاند کە ئەم پڕۆژەیە هەر لە چوارچێوەی پەیمانگاکان بەتەنها نامێنێتەوە، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەداین لە داهاتوودا لە کۆڵێژ و پەیمانگاکانی دیکەشدا هەمان ئەو پڕۆگرامە بخرێتە نێو وانەکانیخوێندنەوە.

دواتر خولەکە لەلایەن کاردۆ ئاکۆ یاریزانی نێودەوڵەتییەوە گوترایەوە کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند خولەکە و لە شارەکانی تریش و لەهەمان کاتدا ئەو خولە بەڕێوەچووە کە هەریەکە بەسەرپەرشتی ئەمانەی خوارەوە:

1- کاردۆ ئاکۆ- هەولێر
2- ئەسعەد ئیسماعیل- سلێمانی
3- سەرمەد قەسیم -دهۆک
4-سەفوەد موزەفەر- زاخۆ
5- محەمەد مەحمود- کەلار
6- ئاوات محەمەد- رانیە
- -لەنیا سەلاح- کۆیە
8- خورشید سەعید- ئاکرێ
9- حەسەن ئەحمەد- خانەقین
10- ئاکۆ ئەنوەر-چەمچەماڵ



بەر لەدەستپێکردنەوەی خولی یانەپاڵەوانەکان
پاریس سان جێرمان تووشی لێدانێکی کوشندە بووە

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی ئاشکرای کرد کە هێرشبەری بەرازیلی نیمار دا سێلڤا یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی تا کۆتایی ماڵنگی ئاداری داهاتوو ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگا، بەهۆی ئەو پێکانەی لەیاری ڕابردووبان بەرامبەر یانەی ستراسبۆرگ لەمیانی جامی فەرەنسا لەناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو تووشی هات. بەم پێکانەی ئەستێرەی بەرازیل ناتوانێت لەیاری چوون و هاتنی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یاری بکات.

میسی
سێیەمین یاریزانە دەبێتە خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لە لالیگا

ڕۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی بووە خاوەن ژمارەیەکی نایاب، دوای سەرکەوتنیان بەسەر یانەی گیرۆنا، بەگوێرەی ڕۆژنامە ناوداراکەی ئیسپانیا یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی تەمەن 31ساڵ بووە یاریزانی پلە سێ لە زۆرترین سەرکەوتنی خولی ئیسپانیا و پێش زۆربەی یاریزانانی دیاری ئەم خولە کەوتەوە، دیارترینیان رائۆل گۆنزالیس ئەفسانەی پێشووی ریال مەدرید. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە یانەی بەرشلۆنە دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی گیرۆنا لەخولی ئیسپانیا، لیۆنێل میسی بووە خاوەن 328 سەرکەوتن لەم خولەدا، وەکو سێیەمین یاریزانی خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لەلالیگاو پێش رائۆل گۆنزالیسی خاوەن 327سەرکەوتن کەوتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە میسی ڕەنگە پلەی یەکەمی خاوەن زۆرترین سەرکەوتن لەم وەرزە بەدەست بێنێت، کە دەتوانێت ژمارەی زۆبی زاریتای خاوەن 333سەرکەوتن و گۆڵپارێز ئیکەر کاسیاسی خاوەن 334سەرکەوتن تێپەڕێنێت. هەروەها لیۆنێل میسی خاوەن زۆرترین گۆڵە لەمێژووی لالیگا بە 402گۆڵ لەکۆی 437یاریدا بەڕێژەی 0.92لەیەک یاریدا، هەروەها دەکرێت پێش ئەفسانە تیلمۆ زارا وەکو خاوەن زۆرترین خەڵاتی پیچیچی لەزۆرترین گۆڵی یەک وەرزی لالیگا بکەوێتەوە.

لازارۆ بووە پاڵەوانی ساوپاولۆی بەڕازیلی


لایس لازارۆ کرۆزی LAIS LAZARO CRUZکچە شەترەنجزانی لاوی بەرازیلی بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەکتر توانی ببێتە پاڵەوانی لاوانی ساوپاولۆی بەرازیلی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتی سوماری بۆ شەترەنج پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و بەمەش بووە پاڵەوانی لاوانی ساوپولۆ بۆ خوار 14ساڵ.

لازارۆ بەم دەسکەوتەی لە سەرەتای سالی 2019نوێنەرایەتی ساوپاولۆ دەکات ASISSدەکات لە پاڵەوانێتی سەرتاسەری ولاتی بەرازیل کە ساڵانە یەکێتی شەترەنجی بەرازیل رێکی دەخات.



یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی رایگەیاند کە هێرشبەری ئیسپانی ئەلیڤارۆ مۆراتا یانەی چێلسی ئینگلیزی بەخواستن بەرەو ئەتلەتیکۆ مەدرید جێهێشت، کە تا کۆتایی وەرز لەگەڵیان دەبێت. لەمبارەیەوە یانەی ئیسپانی بڵاوکراوەیەکی راگەیاند و تیایدا دووپاتیکردەوە کە ئەلڤارۆ مۆراتا یانەی چێلسی ئینگلیزی بەخواستنی 6مانگ بەرەو ئەتلەتیکۆ مەدرید جێهێشت، لەمبارەیەوە رۆژنامەی (ئاس)ی ئیسپانی هۆکارە کەسییەکانی دواوەی ئەم بڕیارەی لەگواستنەوەکانی زستانە خستنە روو. یاریزانی تەمەن 26تا کۆتایی وەرز لەپایتەختی مەدرید دەبێت. ڕۆیشتنی مۆراتا لەیانەی چێلسی بەهۆی متمانە نەبوونی راهێنەری ئیتاڵی ماوریسیۆ ساری بە تواناکانی بوو، لەگەڵ هاتنی گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری ئەرژەنتینی لەیانەی میلان بۆ ئەو یانەیە. هەروەها ڕۆژنامە ئیسپانییەکە ئاماژەی بەوەکرد کە چەندین هۆکاری کەسیشی هەبوون کە پاڵنەری گەڕانەوەی مۆراتا بوون بۆ مەدرید، یەکەمیان بوونی خێزانی لەمەدرید، کە دایک و باوکی لەگەڵ خوشک و هاوڕێکانی لە پایتەختی ئیسپانیا دەژیێن. دووەم هۆکاریش هاوسەرەکەی مۆراتا ئەلیس کامپیلۆ هەستی بە ئارامی نەدەکرد لە لەدەن، کە بەردەوام هەستی بەتەنیایی دەکرد، بەپێچەوانەی مەدرید، کە بەردەوام دڵخۆشەو زۆربەی هاوڕێکانی لەوێن، بەڵام هۆکاری سێیەم و چواردم بەهۆی کاری بازرگانی مۆراتا و هاوسەرەکەی لە ئیسپانیا بووە.


نەبەز ڕوستایی



ستۆک سیتی بۆندی ئەفیلای هەڵوەشاندەوە

یانەی ستۆک سیتی ئینگلیزی رایگەیاند کە بۆندی یاریزانی هۆڵەندی ئیبراهیم ئەفیلای بەردەزامەندی هەردوولا هەڵوەشاندەوە. یاریزانی تەمەن 32ساڵ لەوەرزی 2015دا یانەی بەرشلۆنەی بەرەو ستۆک سیتی ئینگلیزی جێهێشت، کە هێشتا بۆندەکەی 6مانگی تیادا ماوە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی ئەفیلای لەزۆربەی یارییەکانی ئەم وەرزەی تیپەکەی بەهۆی پێکان دابڕاوە، کە ماوەیەکی زۆر لەیاریگای سەوز دوورکەوتەوە. ڕۆژنامەکە دەڵێت: یاریزانی بەرشلۆنەو ئۆلۆمپیاکۆس و شالکەی پێشوو ئێستا ئازادەو دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی پەیوەندی بەهەر یانەیەکەوە بکات کە بیەوێت.

یەک هەنگاوی ماوە ژمارەکەی هۆگۆ سانچێز تێپەڕێنێت



ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا لەدوای سەرکەوتنی ریال مەدرید بەسەر یانەی ئیسپانیۆل بە ئەنجامی 2-4گۆڵ لەمیانی گەڕی 21ی خولی ئیسپانیا هەڵسان بە پیاهەڵدان بەشان و باڵی کەریم بنزیمەی هێرشبەر. لەو یارییەدا بنزیمە ئاستێکی بەرزی نیشاندا‌و سەرچاوەی یەکەمی مەترسی بوو بۆ سەر بەرگریکارانی یانەی کاتەلۆنی، کە توانی لەو یارییەدا 2گۆڵ تۆمار بکات و 5هەلی تۆمارکردنیش بڕەخسێنێت، لەگەڵ 4بڕینی یاریزانی سەرکەوتوو لەکۆی 5هەوڵداندا. ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا نزیکبوونەوەی کەریم بنزمەی فەرەنسی لە شکاندنی ژمارەی هێرشبەری مەکسیکی و یاریزانی پێشووی ریال مەدرید هۆگۆ سانشیز ئاشکرا کرد، بنزیمە ئێستا لەریزبەندی شەشەم دێت لەلیستی گۆڵکارە میژووییەکانی ریال مەدرید، دوای ئەوەی توانی بەرامبەر ئیسپانیۆل گۆڵی ژمارە 207بەدرێسی شاهانە تۆمار بکات. تەنها یەک گۆڵی ماوە بۆ ئەوەی ژمارەی گۆڵەکانی هۆگۆ سانشیز یەکسان بکاتەوە کە خاوەن 208گۆڵە. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە شکاندنی ژمارەی سانشیز تەنها کاتە و هیچی تر، ڕەنگە لەیاری داهاتوویان بەرامبەر گیرۆنا یاخود دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێش ڕووبدات. پاشان هەوڵ دەدات بۆ شکاندنی ژمارەی بۆشکاش کە خاوەنی 242گۆڵ بووە بەدرێسی ریال و لەپلەی چوارەمی گۆڵکارانی ئەو یانەیە دایە. ڕۆناڵدۆ پلەی یەکەمی بە 450گۆڵ گرتووەو پاشان رائۆل گۆنزالیس دێت بە 323گۆڵ. ئینجا ستیڤانۆ بە 38گۆڵ دەکەوێتە پلەی سێیەم.

ئایا ئەمجارەش کۆتینهۆ وەڵامی گەورەکان نادانەوە؟

ڕۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی تشکی خستە سەر بەردەوامبوونی ئەستێرەی بەرازیلی فیلیپ کۆتنیهۆ لەسەر ئاستە خراپەکەی جێگای نیگەرانی یانەی بەرشلۆنەیە. دوای ئەوەی لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر گیرۆنا زۆر بەخراپی دەرکەوت، مالپەڕی ناودار لەسەر لاپەڕەی ئەلیکترۆنی خۆی پرسیاری ئەوەیکردووە، ئایا کۆتینهۆی بەرازیلی تەمەن 26ساڵ جارێکی دیکە جێگایگرەو دەبێت لەلایەن ڕاهێنەری ئیسپانی ئارنستۆ ڤالڤێردی، بەتایبەتی کە تاکو ئێستا بەو ئاستەی دەرنەکەوتووە کە لێی چاوەڕێ دەکراو بەڵکو یاری بۆ یاری ئاستی لەدابەزیندایە. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکرد کەبەرشلۆنە پارەیەکی زۆری لە ئەستێرەی بەرازیلی فیلیپ کۆتینهۆ خەرجکردووەو پێویستی بەوەیە هەندێک دەستکەوتی هەبێت، ئەوا دەبێتە لێدانێکی کوشندە بۆی ئەگەر بۆندێکی شکستخواردوو بێت، بەتایبەتی کەگرانترین بۆندی یانەی کاتەلۆنی بوو. دەڵێت پێوسیتە سەیری دوویاری ڕابردووی یانەی بەرشلۆنە بکرێت، بۆ نموونە یاری گیرۆنا کە مێسی تۆپێکی زۆر جوانی پێداو کۆتینهۆ نەیتوانی بەتەنیا لەبەرامبەر گۆڵ تۆڕ بهەژێنێت. لەگەڵ ئەوەی زۆر ئاسان بوو بۆ گۆڵکردن. باسی ئەوە دەکات کە کۆتینهۆ تووشی بێ متمانەیی بووبێ، لەگەڵ ئەوەی زۆر لێهاتووە، لەزۆربەی کاتەکانی یاریکردنیدا. بەڵام پێدەچێت کە ئەو ئێستا نەتوانێت بگاتە لوتکەی ئاستی.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 30. Jan. 2019 No: (5683)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان
گۆرانییەک لەیادی کۆچی شەهیدی سەرکردە کاکە ئیدریس بارزانی جوانەمەرگدا بڵاوەکاتەوە





بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ کامەران عەبدولڕەحمان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بۆ زۆر بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی سرودی چڕیوە و بەشداری کردووە. هونەرمەند بۆیادی کۆچی شەهیدی هەمیشە لەیاد کاکە ئیدریس بارزانی سرودێکی تۆمارکردووە و لەویادە دا بڵاوی دەکاتەوە. هونەرمەند دەربارەی ئەوبەرهەمە بە «خەبات»ی گوت: هۆنراوەی ئەم گۆرانییە لەلایەن غالب حەساری دانراوە و خوێندنەوەی شیعر دڵسۆز عەبدوڵڵا، ئامادە و دابەشکردنی مۆسیقا هێڤی کامەران، لە ستۆدیۆ شاکار تۆمارکراوە، دەنگ: هێڤی کامەران، وێنە گر: سامان محەمەد ڕووناکی ڕێکان سەکران، مۆنتاژ: وەرین نەجات ناوی، هونەرمەند لەدووماهیدا گوتی هیوادارم توانیبیتمان شتێکی بچووکمان لەئاست گەورەی ئەوسەرکردە خۆشەویستە ئامادەکرد بێبیت.

پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە قاهیرە
میوانداری چنار نامیق دەکات




کاروان سەبری/ قاهیرە

ساڵانە لەم کاتەدا پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە قاهیرە دەکرێتەوە، ئەمساڵ پێی نایە خولی پەنجاهەمینییەوە، لەیادی یۆبێلی زێڕینی ئەم یادەدا کۆمەڵێ نووسەر کە کتێبەکانیان لەو پێشانگایەدا بلاو دەبنەوە ئامادە دەبن.خاتوونی نووسەر (چنار نامیق) لەهەرێمی کوردستانەوە بانگێشت کراوە بۆ مەراسیمی بڵاوکردنەوەو ناساندنی هەردوو کتێبەکەی بەناوەکانی (دور المواقع الالکترونیە الکوردیە فی تشکیل الرای العام حول انتهاک حقوق الایزیدیە) و (الاباده الجماعیە واسالیب التضلیل الاعلامی) لەم مانگەدا لەلایەن (دار غیداء للنشر والتوزیع) لە ولاتی ئوردن چاپکراون و بۆیەکەم جار لە پێشانگای کتێبی قاهیرە بڵاودەکرێنەوە. چنار نامیق نووسەر و توێژەرێکی دیاری هەرێمی کوردستانەو لەشاری هەولێر دادەنیشێت و ساڵانێکە سەرقاڵی توێژینەوەیە لەسەر ئەنفال و جینۆسایدی کورد و دواتر توێژینەوەیەکی لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەسەر دەستی داعش نووسیوە و ئێستا مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سەلاحەدین و خاوەنی ١٠ کتێبی چاپکراوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و لەنێو ناوەندی عەرەبیشدا وەک نووسەرێکی ئەکادیمی ناسراوە.

هەندێک لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕە عەرەبییەکان وەک هەواڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی و ئامادەبوونی لە پێشانگای قاهیرەدا بڵاوکردوەتەوە، لەوانەش ڕۆژنامەو ماڵپەڕی (اسرار المشاهیر)ی میسری نوسیویەتی (پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە قاهیرە میواندارای چنار نامیق دەکات). ڕۆژی ٢٧-١-٢٠١٩ لەمەراسیمێکدا ئیمزای کتێبەکانی کرد بە ئامادە بوونی نوێنەرانی پارتە کوردییەکان لە قاهیرە لەوانەش بەڕێزان (د. شێرکۆ حەبیب و مەلا یاسین) و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان لەوانەش (د.ڕەجائی فائید) سەرۆکی ناوەندی میسری بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی و (د.مەحمود زاید) توێژەرو لێکۆڵەری کوردناسی میسری و جالیەی کوردی لە قاهیرە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی میسری

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەژمارە درۆینەکان دادەخات

فەیسبووک چیتر گرنگی بە هەژمارە ناڕاستەکانت نادات بۆ ئەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی پێ زیاد بکات. بۆیە هەر ناوێکی وەک (کورە تاقانە - گوڵی کوردستان - هەواداراني فلان - هتد) چیتر ناتوانن هەژماریان هەبێت لێیان دەسڕێتەوە و ڕێگەش نادرێت لەمەودوا هەژماری فەیسبووک بەناوی خوازراو دابنرێت. بۆیە ئەگەر تا ئێستا خۆت نەناساندووە بەناو و وێنەی ڕاستەقینەی خۆت ئەوا پەلە بکە و خۆت بەفەیسبووک بناسێنە تا هەژمارەکەت بۆ هەتا هەتایە لەناو نەچووە.کۆمپانیای فەیسبووک بەمدواییە 1.3 ملیار هەژماری ناڕاستی داخست لەچارەگی دووەمی ئەمساڵ، زۆرینەشیان بۆ ڕۆبۆتی خودکار بەکاردەهات بۆ ناردنی نامەی بێتزارکەر و هێرشبەر، ژمارەی هەژمارە سڕاوەکان بۆ چارەگی یەکەمی ئەمساڵ گەیشتە 583 ملیۆن هەژمار لەکۆی 694 ملیۆن هەژمار کە لەچارەگی کۆتایی ساڵی 2017 ئاشکرا بوون، ئەمەش بۆ چاکەی ئەو کەسانە دەگەڕێتە کە ڕاپۆرتیان لەسەریان داوە یان بەهۆی خوارزمیەی بابەت دەستنیشان کراون.کۆمپانیاکە ئەوەوشی دووپاتکردەوە کە ژمارەیەکی زۆری هەژماری ڕاگرتووە لەپاش تەنها چەند خولەکێک لەدروست کردنی، بەڵام تا ئێستا هەموو هەژمارەکانی نەگرتۆتەوە، خەملاندن دەکرێت کە نزیکەی 3%تا 4% ئەو هژمارانەی کە دروست دەکرێن کە ناڕاستن لەماوەی مانگێکدا، کە بەرزبۆتەوە بەڕێژەی 2% تا 3% لەچارەگی سێیەمی ساڵی 2017 بەگوێرەی سەرژمێریەکان.ئەو ژمارانە گەورەن، ئەمەش وەک بەبیرهێنانەوەیەک باس دەکرێت لەپاش ئەوەی فەیسبووک 18 مانگ زانی کە دوو ڕووسی ماڵپەڕەکەیان بەکارهێناوە بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ساڵی 2016. جگە لەهەموو ئەمانەش، هەژماری لەکارکەتووش هەن، ئەمەش زیادبەکە بۆ بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕ، بۆیە دەبێت خوارزمیەکی نوێ بۆ ئەمەش دابنرێت، ڕێژەی 1.5%ی هەژمارەکانی لەکارکەوتوو لەلایەن بەکارهێنەرانی تروە ڕاپۆرتیان لێدراوە. ئەم سەرژمێریانە وەکو سزایەکە بۆ فەیسبووک لەبەرامبەر هەڵەکانی سەبارەت بە هەژمارەکان، بەڵام ئەمەش هەڵێکە بۆ فەیسبووک بۆ ئەوەی بۆ بەکارهێنەرانی بسەڵێنێت کە دەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکات، گای ڕۆزن کە لەبواری سەلامەتی و پاراستن کاردەکات دەڵێت:"ئەمە تەنها سەرەتایە، لەسەر بەکارهێنەرانیش پێویستە کە یارمەتیمان بدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر. تا ئێستا، کۆمپانیاکە هەڵساوە بە لابردنی 21 ملیۆن ناوەڕۆک کە پەیوەندیان بەشتی نەشیاو هەبووە کە زۆربەیان لەڕێگەی نەرمەوالەی کۆمپیوتەرەوە دۆزراونەتەوە، هەروەها 2.5 ملیۆن ناوەڕۆکی ڕق لێبوونەوە، بەجۆرێک فەیسبووک ڕووبەڕووی کێشەیەکی ڕاستەقینە دەبێتەوە لەڕووی ئەو ناوەڕۆکانەی کە پەیوەندیان بە ڕق و کینەوە هەیە، هەندێک کەس بە ئازادی ڕادەربینی دەزانێت، هەندێک کەسی تریش پێیان وایە ڕێگە خۆشکەرە بۆ تووندوتیژی و ئاژاوە، فەیسبووک تا ئێستا زەحمەتی زۆر دەبێنێت لەدیارکردنی ئەو هەژمارانە، بۆیە پێویستی بە یارمەتی مرۆڤە تا ئەو کەسانە دیاری بکات و ئەو جۆرە بابەت و هەژمارانە نەهێڵێت.





کتێبێکی گرنگی وەرزشی دەکەوێتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە
میسی و ڕۆنالدۆ لە قەڵەمەکەی مامەیارە ئەحمەدەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: ڕۆژنامەنووسی وەرزشی (مامەیارە ئەحمەد)، کتێبێکی وەرزشی لە ژێر ناوی (میسی و ڕۆنالدۆ لە ژێر تیشکی زانستدا) بلاو دەکاتەوە و پرۆسەی چاپکردنی لە تارانی پایتەختی ئێران تەواو بووە و لەم هەفتەیەدا بلاو دەکرێتەوە.بەشی زۆری ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، لە بارەی هۆکارەکانی پشت ئاستی توانای میسی و ڕۆنالدۆوەن بۆ دە ساڵ، کە پێشتر ئەو حاڵەتە لە تۆپی پێدا نەبووە.

ئامادەکاری کتێبەکە، بۆ ئەو مەبەستە پشتی بە لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی ناوەندە زانستییە جیهانییەکان و تاقیکردنەوە سەردەمییەکان بە نوێترین ئامێری پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا بەستووە. لەم کتێبەدا دەگەیتە هۆکارە زانستییەکانی پشت مانەوەی ئاستیان بۆ دە ساڵ، کە بریتین لە هۆکارە هونەری و جەستەیی و عەقڵی و دەروونییەکان و بە توێژینەوەی زانستی، هەموو ئەو هۆکارانە ڕوون کراونەتەوە.ئامادەکار و وەرگێر، تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە کتێبەکە، لە پێنج بەشی سەرەکی پێک دێت، کە زۆرترین بابەتەکانی نێو کتێبەکە پشت بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان بۆ ئاستی هەردوو یاریزان دەبەستێت بۆ لایەنە هونەری و جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەکانیان. لەمەودوا لە ڕووی زانستەوە ئاشنای ئەو دوو یاریزانە دەبن، زۆر بە وردی و بە زمانێکی ئاسان ڕوون کراوەتەوە، بۆچی یاریزانانی دیکە، وەک میسی و ڕۆنالدۆ ناتوانن 10ساڵ لە یەک ئاست بەردەوام بن.